گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# نامۆیی خودی لەرۆمانەکانی ڕێواس ئەحمەد ولۆتفییە دلێمی دا

## رۆمانی (ژن)و(عالم النساء الوحيدات ) بەنموونە

**م .شیلان محەمەد ڕەشید حسێن**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Shelanmohamad14@yahoo.com
Shelan.hussein@student.su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٢٣
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/١٦
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Strangeness, novels, Rewas Ahmad, Lutfiya Dlemi, Alienation

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.3.9

**پوختە**

نامۆبوونی خود بریتییە لە "نامۆبوونی جەوهەری مرۆڤ، لەدەستدانی باوڕبوونی بەخودی خۆی ، لەدەستدانی ژیانی واقعی، بنیاتنانی جیهانێکی خەیاڵی دوور لەڕاستی . کاتێک مرۆڤ هەست بە نامۆبوون لە کەسانی دەوروبەر ،یان خێزان ، کۆمەڵگا ،کار، وڵات ،... دەکات، هەستی خۆی لەدەست دەدات ودەچێتە حاڵەتێکی گۆشەگیری وتەنهایی .لەم توێژینەوەیە، باس لەدیاردەی نامۆیی خودی دەکەین ( self Alienation)، لە ژانری ڕۆمان ،ڕەنگدانەوەی لەبەرهەمی نووسەرەکان وچۆنێتی کردنی بەتەوەری گرنگ وسەرنجڕاکێشی ناو دەقەکانیان ، نامۆبوون دۆخێکی کەسایەتی مرۆڤە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەروونییە ،تیشک خراوەتە سەربەرهەمی دوو نووسەر (ڕێواس ئەحمەد ولوتفییە دلێمی)دا، بەراوردی بەرهەمەکانیان ودەرخستنی لایەنی جوانناسی ئەدەبییان ئاوڕدانەوەیە لەدۆخی ئافرەت وەک هێزێکی فیمینستی بۆبەدیهاتنی مافەکانی ناوکۆمەڵگەدا. ئەم توێژینەوەیە لەدووبەش پێکدێت(تیۆری و پراکتیکی )؛ بەشی یەکەم تیۆرییە : باس لەزاراوە وچەمکی (نامۆیی) لەفەرهەنگ و

بوارە جیاوازەکاندا دەکات، و لە ئەدەبی نامۆیی وسەرهەڵدانی لەئەدەبی کوردی دەکات. بەشی دووەم :پراکتیزەکردنی دیاردەی نامۆیی خودی لەڕۆمانی (ژن)و(عالم النساء الوحيدات ) ودەرکەوتنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو دیاردەیە لە بەرهەمی هەردوو نووسەر ، جەوهەری بەراوردی نێوان هەردوو ڕۆمان ولە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە ئەنجامی توێژینەوەکە باس کراوە بەچەند خاڵێک ، سەرچاوەکان وپوختەی باسەکە بەزمانی عەرەبی وئینگلیزی خراوەتە ڕوو .

## پێشەکی

نامۆیی دۆخێکە لە مرۆڤدا، وادەکات لە بوونی ڕاستەقینەی دوور بکەوێتەوە ،خۆی لەدونیای بێگانەدا ببینێ. خۆی لە بیر دەکات ولە کۆمەڵگەش نامۆ دەبێت . ئەم نامۆبوونە دەبێتە جۆرێک لە یاخیبوون .نامۆیی دیاردەیەکی فرە ڕەهەندە چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتی ژینگەیی دەبنە هۆی دەرکەوتنی لەڕەفتاری تاکدا. کەسی نامۆ بیرکردنەوە و ڕەفتاری ڕەسەنی خۆی ون دەکات .دۆخێکە کەسەکە لەجەوهەری خۆی دوور دەکەوێتەوە، هۆی پچڕانی پەیوەندی تاکە لەگەڵ ژینگەکەی دا،بێ گومان ئەم دۆخە کاتیک ڕوودەدات! کەتاک دەیەوێ هەموو ئارەزوو وتایبەتمەندێکانی بێنێتە دی ولە هەموو دۆخەکان سەرکەوتن بەدەست بێنێ. کە بۆی نەهاتە دی دواتر وردە وردە لەبوونی خۆی نامۆ دەبێت . نامۆبوون ئەنجامی بونیادە کۆمەڵایەتییەکانە، کە مرۆڤەکان توشی شکست دەکات، ناچاری دەکات خۆی بخاتە جیهانێکی دوورە پەرێز وەبەجیاوازی ڕەنگی ژیانی بگۆڕێ .هەر جارەوە ئاوازێ جیاوازتر بەرهەم بێنێ.

## ڕێبازی توێژینەوەکە :

لەم توێژینەوەیە :ڕێبازێکی وەسفی شیکاری بەراوردیمان بەکار هێناوە بۆ چونە ناو قوڵایی بەرهەرمەکانی هەردوو نووسەر ،بەهۆی ڕێبازی وەسفی شیکاری توانیمان جیهان بینینی نووسەرەکان وکاردانەوەیان لەبەرهەمەکان بدۆزینەوە ،هەروەها چەندین لایەنی پەنهان وشاراوەی کەسایەتی پاڵەوانەکان ودەرخستنی دیاردەی نامۆیی وبەراوردکردنی لەڕۆمانەکانی هەردوونووسەر(ڕێواس ئەحمەد ولۆتفییە دلێمی)دا باسکەین ، ڕەنگدانەوەی ئەولایەنە دەروونی وکۆمەڵایەتییە بەسەر نووسەرەکان ،تەنها لایەنی جوانناسی بەرهەمەکانی هەردوونووسەرورێچکەی ئەدەبی باسکراوە بۆئەمەش دوو ڕۆمانمان هەڵبژاردووە وبەراوردی دەکەین . لەم بەراوردەدا بۆ ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە، قوتابخانەی بەراوردی ئەمریکیمان هەڵبژاردووە، چونکە لەم قوتابخانەیەدا گرنگی نادرێت

بەلایەنی کاریگەری نێوان نووسەران، بەڵکو هەردوو لایەنی جوانی دەق وئاستی داهێنان زیاتر دەبنە جێی گرنگی پرۆسەی بەراوردەکە.

## یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە :-

### 1-1-کێشە و گیروگرفتی بەردەم ئەم توێژینەوەیە:-

وەک هەر توێژینەوەیەکی تری ئەدەبی بێگومان بەدەر نابێت لە گیروگرفت بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت، چونکە توێژەر دەزانێت بەدوای چارەسەرکردن یاخود ڕوونکردنەوەی چ گرفتێکەوەیە، پێویستە توانا ماددی و هزری و جەستەیی و کاتی گونجاو ڕەچاو بکات. لێرەوە دەتوانین گرفتی ئەم توێژینەوەیە بخەینە ڕوو ،بۆیە سەرەکیترین ئەو ئاستەنگانەی هاتە پێشمان کەمی سەرچاوەی پێویست لەسەر ئەدەبی بەراوردی کوردی وایکردووە ،چەندین سەرچاوە بزمانەکانی تر بەکار بهێنین وهەروەها سوود وەرگرتن لەچەندین گۆڤار وسایتی ئەلکترۆنی باورپێکراوکە توانی کەلێنێکمان بۆپڕکاتەوە.

### 2-1-گرنگی توێژینەوەکە :-

هەموو توێژینەوەیەك ،گرنگییەکەی لە دوو لایەندا بەدەردەکەوێت، یەکەم: لایەنی تیۆری، دووەم :لایەنی پراکتیکی ، لێرەدا باس لە دۆخێکی کەسایەتی مرۆڤ دەکەین وڕەنگدانەوەی لە ژانرێکی ئەدەبی گرنگ کە ڕۆمانە, کاریگەری ئەو دۆخە لەسەر نووسەرەکان وچۆنێتی کردنی بەتەوەری گرنگ وسەرنج ڕاکێشی ناو بەرهەمەکانیان هەروەها بەراوردی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتی ودەروونییە لەناو ڕۆمانەکانی هەردوو نووسەر (ڕێواس ئەحمەد ولۆتفییەدلیمی)دا ، ئاوردانەوەیەکە لەبەرهەمی هەردوو نووسەر  وباسکردنی کار وچالاکیان و گرنگیدان بە ئەدەبی ئافرەتان لەناو ئەدەبی گشتیدا.

### 1-3- ئامانجی توێژینەوە :-

1-تیشک خستنە سەر ڕۆمان نووسی ئافرەت ودەرخستنی ئاستی بەرەو پێشچوونی ئەدەبی ئافرەتانی کورد، بەراورد بەئەدەبی ئافرەتانی  نەتەوەکانی تر .

2-  دەرخستنی  سەنگ وبەهای ئەدەبی کوردی بەبەراورد لەگەڵ ئەدەبی  نەتەوەکانی تر .

3- دەرخستنی لایەنی جوانناسی ئەدەبی لە بەرهەمەکانی هە ردوو نووسەر.ئەوەی تێبینی کرابوو هەردوو نووسەر سەر بەهەمان ڕێچکەی ئەدەبی کاریان کردووە ،ئەویش ئاوڕ دانەوەبووە لەدۆخی ئافرەتان لە ڕۆژهەلاتدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- دەرخستنی ئاستی داهێنانی ئەدیبانی کورد بەراورد بەداهێنانی ئەدەبی نەتەوەکانی تر .

## دووەم-زاراوە وچەمکی (نامۆیی) لەفەرهەنگ وبوارەجیاوازەکاندا :
## :Alienation in the dictionary and different fields

زاراوەی "نامۆیی "بەگەلێ واتاو وشێوە هاتووە،لەبواری زمانەوانیداوەک "هاوەڵناوێک "بۆ وەسفکردن وسیفەتێک دراوەتە پاڵ کەسێک کە بەچەند واتا هاتووە ( نامۆ – بیانی – غەریب) هەروەها (نامۆ) سەیر – نائاسایی ، وەک وشەیەکی داڕێژراو دەرکەوتووە، (نامۆبوو) نەوازەبوو، وەک چاوگێکی لێکدراو (نامۆبوون ) بەمانای (دورکەوتنەوە لەنیشتمان کۆچبەر ) وەک هاوەڵناو لەپلەی بەراورد(نامۆتر) نەوازەتر– نائاسیتر ،نامۆیی (تەنیای – دابڕان) (سادقی ،2020: 1009)

ئەم وشەییە لەفەرهەنکی زمانی عەرەبی بە واتای( دخیل – غريب – اجنبی ) ی وەک سیفەتێک لەکەسێکدا هاتووە، هەروەها پلەکان ودارِشتنە جیاوازەکانی وەرگرتووە. لەپلەکانی هاوەڵناو: (پلەی بەراورد) (اغرب)ی لەسەر وەزنی افعل – وغريب لەسەر وەزنی (فعيل) هاتووە ،وناوێکی دروست کردووە. (سادقی ،2020 : 1009).

لەفەرهەنگی زمانی ئینگلیزی: (life away from home)چەمکێکی لاتینییەبەمانای– يعيش بعيداعن بيته (دوورکەوتنەوە لەماڵ). چەمکی (Alienation) "نامۆ "غريب عن موطنه Absence from on,s homeland ئاوارەیی دەرەوەی وڵات .بنچی وشەکە لە کاری "Alinare" هاتووە بەمانای گواستنەوەی موڵک وخاوەندارێتیە( البعلبكي، 1995: 135 ) .

هەروەها لەفەرهەنگی زمانی ئینگلیزی,ئاماژە بۆ زاراوەی نامۆیی کراوە ( Alienation- کەلەهاوەڵناوی Alien –هاتووە ،کەبەمانای نەناسراو یان بێگانە دەرکەوتووە ، یاخود دوور لەکۆمەڵگە. لەزمانی فەرەنسی هەر وشەی (Alienation)بۆنامۆیی بەکار دێت (مكاوي،1995: 223).ئەم زاراوەیە, لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بەچەند واتای جیاواز لەبوارە جیاوازەکان دەرکەوتووە"لە گوتارە ئاینێکاندا "بۆ مەودای دووری نێوان مرۆڤ و خودا بەکارهێندراوە دابڕانی پەیوەندی نێوان تاك وخودا، بەواتای (نامۆبوون )دێت.بە دابڕانی پەیوەندی نێوان تاك وئەوانی ترەو بە لەدەستدانی ئازادیی بنچینەیی تاک بەکارهێندراوە. لە سیستەمی ئابووریی سیاسیی ئینگلیزیشدا ئاماژە بۆ حەواڵەکردن و گواستنەوەی خاوەندارێتی موڵک و مومتەلەکات،لە بواری دەروونناسی دا واتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێت وبێ ئاگا ، لەزمانی عەرەبی وشەی (نامۆ) بەمانای" الغربە "دێت کەمانای دوور کەوتنەوە لەزێدی باو باپیران لەفەرهەنگی زمانی عەرەبی (الاغتراب) بەمانای لەدەستدانی کەسایەتی ودوورکەوتنە." نامۆیی "پێش ئەوەی وەک چەمکێکی فەلسەفیی بناسرێت و شوناسی فەلسەفیی وەربگرێت لە دەرەوەی پانتاییی فەلسەفە بەکارهاتووە، بەڵام دواتر هیگڵ وەک یەکەمین بیرمەند " نامۆیی "لەڕوانگەیەکی فەلسەفیی بەکاردێنیت " نامۆیی وەک چەمکێکی فەلسەفیی شۆڕشگێڕانە, لە لای مارکس بەکار هاتووە.کاریگەر بووە بە نووسینەکانی (هیگڵ و فۆیەرباخ). هیگڵیش لە پێگەیاندنی چەمکی نامۆییدا کۆمەڵێک نووسراوی هەبووە.

**1-نامۆیی لەبواری دەروونناسی دا :**

فرۆید پێی وایە(نامۆیی گەڕانەوەی ئارەزووە چەپێنراوەکانە لە دونیای دەرەوەدا ، بەو مانایيەی کەسەکە بەشێوەی هەژێنەر لەدونیای دەرەوەدا ڕووبەڕوویاندەبێتەوە )( ئاسۆن، 2021 :13)

لەزانستی دەروونناسی دا "شێت" بەلەخۆنامۆبوون ناودەبەن. دەکری تێکچوونی بارودۆخی دەروونی جۆرە نامۆبوونێ ناوبرێت چونک مرۆڤەکە لەجیهانی ڕاستەقینە هەڵدەگەڕیتەوە ،ڕوولە جیهانێکی قرمزی دەکات ،کەوێنەی ڕەنگاو رەنگە ،کەتەنها خۆی لێ تێدەگات. فرۆید دەڵێت: (( تاهەستی وروژان لەڕووی دەروونییەوە بۆسەر مرۆڤ زۆرتربێت، ئەوا ئەگەری گرژی زیاترە وچێژ کەمدەبێتەوە .وروژێنەربۆمرۆڤ تەنها چەمکێکی دەروونییە –زیندوەر ناسانە نییە، بەڵکو دەتوانین مانای فەلسەفیشی بدەینێ بۆکێشەی ناوەوە- دەرەوە لەم بوونەوەرەدا بۆنموونە کاتێک وروژانەکانی سەر مرۆڤ زۆردەبن تووشی تراوما (نەخۆشی)دەکەن ئیدی سنوری ئەو جیهانە(دەرەوە –ناوەوە)ی تێکدەچێت، ڕەنگە هەموو دەرەوە تێکەڵ ناوەیەوە بن ناویشی لێی بسێننەوە))(فرۆید،2021: 24) مرۆڤی نامۆ ، هەموو بیرو وکردەوەکانی کاریگەری لەسەر ژیانی ڕاستەقینەوهزری هەیە ،کە دەبنە هۆکاری نیگەرانی هزری لە ئێستا وداهاتوو . نامۆبوونی مرۆڤ هۆکاری ئەو کۆت بەندەیە کەلەپێوەر ویاسا کۆمەڵایەتێکاندا دووچاری مرۆڤەکە بونەتەوە، لەگەڵ مرۆڤەکە چەسپاوە لی جیانابنەوە وململانێ نیوان (من-منی باڵ – وئەو وغەریزەکان دا هەیە، چونکە مرۆڤ توانای تێرکردنی وڕازی کردنی وسەرکەوتنی بەسەر ئارەزۆکانی نییە.

### 2- نامۆیی لەڕوانگەی مارکسەوە :

"مارکس" پێی وابوو، ئەو واقیعە نەرێنییە بووە، کە شوناسی مرۆڤ و ناخی مرۆڤی دەشێواند، بۆیە پێویست بوو رەخنە بگرێت و ئەم رەخنەیەش بگوێزرێتەوە بۆ پراکتیکێکی سیاسیی بە مەبەستی گۆڕانکاری. چەمکی گشتگیر. (مرۆڤەکان بە هۆکاری دابەشکردنی کارەکەنیان مرۆڤایەتییەکەیان دەشێوێنرێت ووێران دەکرێت، ئەمەش بە زیندانیکردنیان لە چوارچێوەیەکی پارچە پارچەکراودا، کە تێیدا ئاراستەی پیشەیی، بەرەو شارەزاییەکی بەرتەسک ئاراستە وەردەگرێت)(مارکس،1978: 43) بە گوێرەی بارودۆخی کار لە کۆمەڵگای(سەرمایەداریدا)کرێکار دەکەوێتەژێر باری"نامۆبوونەوە"واتە (بارودۆخی کار لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەرفەت و ژیانی پێویست خۆش ناکات بۆ بەدیهێنانی ئەو خۆشگوزەرانی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەی، کە کرێکار هەوڵی بۆ ئەدا. لەم بارودۆخەدا کرێکار نامۆیە لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ناگات بە خۆشی و خۆشگوزەرانی و بەرهەم و ئەنجامی کارەکانی خۆی دەستناکەوێت، کەواتە کرێکار دەبێتە بوونەوەرێکی نامۆ لەو سروشتە ڕاستەقینەیە کە، مارکس دیاریکردووە.) (انجلز،1978 :83 ). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە "نامۆیی" مرۆڤ لە ناخی خۆی، وازهێنانە لەو بەهاییەی کە پێویستە تێیدابێت،هەروەها ئاماژەیە بۆ(نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان خود و واقیع ،شێواندن ودوورکەوتنەوە لەواقیعەڕاستەقینەکەی.

## سێیەم :ئەدەبی نامۆیی ونووسەرانی کورد

ئەدەب هەرچەندە بوار وپێناسەی تایبەتی بەخۆی هەیە ،بەڵام لق وپۆپی زۆری لێبۆتەوە بەتایبەتی لە سەردەمی بێشکەوتنی بواری نووسین وکاریگەریی فیکری وتێکەڵابوونی لەگەڵ زانست وبوارە جیاوازەکاندا ، دەبینین نووسەران ڕێچکە وئەتەکێتی نووسینی تازە وداهێنەر بەکاردێنن ،وەک تێکەڵاوبوونی فەلسەفە وئەدەب – ئەدەب ودەروونناسی –ئەدەب وکۆمەڵایەتی وئەدەب وسیاسەت کەئەمەش بۆتە هۆی دەوڵەمەند کردنی نووسینی ئەدەبی ودەرچوونی لەو قاڵبە تەسکەی کە لێی ڕاهاتبوین. هەرچەندە زادە وکەرەستەی ئەدەبی و وشەی ناسک وپڕمانایە، کە کار لەهەست ونەستی بەرامبەری دەکات ،بەڵام لەبەرهەمی نووسەرانی سەدەی ڕابردوو(سەدەی بیستەم)جگە لەو هەستە پەیامێکی تری هەبووە. بەو شێوە دەربڕینەوە پەیامەکەی گەیاندووە ،لەگەڵ سەرهەڵدانی شێوازی نوێی نووسین ودەرکەوتنی بابەتی ئەدەبی نوێدا،ئەوشێوازە دەرکەوت .کاریگەربوون وتێکەڵاوی نێوان ئەدەبیاتی جیهان ،وایکردوەنووسەران کاریگەربن بەستایل وشێوازی یەکدی.لەگەڵ سەرهەڵدانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵێ گرووب ونووسەرانی بوارە جیاوازەکان، وەک(بزاڤی تەغریبی) ، ئەم بزاڤەلەهەولێر وکۆیە بەیاننامەی خۆی ڕاگەیاندلەڕۆژی"28-5-2001"دا ،لەژێر دروشمی (بەخۆداچوونەوە-ڕووبەرووبوونەوە- نوێبوونەوە) ؛ئەم گرووپە لەکۆمەڵێ نووسەر پێک هاتبوون لەوانە نووسەرانی کۆیە وهەولێر (ڕۆستەم باجەلان – عەبدوڵا یوسف ,د کەمال مەعروف) کە بەیاننامەیەکی ئەدەبی هاوچەرخی کوردییان ڕاگەیاند بەناونیشانی (بەرەو بزاڤی تەغریبی) ئەم بزاڤە حاڵەتێکی دیکەی دەربڕینی بیری ئەدەبیان دەرکرد،بەناوی( ئەدەبی نامۆیی)یەوە ناسرا.هەوڵدان بوو بۆ دەربڕین لەنهێنی ولایەنی پەنهانی بیری نووسەران .لایەنی ئەبستراکتی بیر وباوەڕیان هەرچەندە وشەی " نامۆ " لەشیعری شاعیرانی کلاسیکدا بەکارهاتووە، بەڵام بەم شێوە مانا وتیشکی لەسەر نەبووە ،کەببێتە کەرەستەیەکی ئەدەبی وبزاڤێکی ئەدەبی. ئەم گرووپە ئارەزووی نوێکردنەوەی ئەدەبی هاوچەرخی کوردییان داوە ،لەڕێگای بایەخدان بە بابەتی نامۆیی مرۆڤ،ڕابەری ئەم بزاڤە د.کەمال مەعروف بووە ،کەئەشکەنجە ونامۆیی دەرەوەی وڵاتی بینیووە.بەیاننامەی ئەم گرووپە وەک پێناسەیەکە بۆ ڕەوشی ئەدەبی نووسەران بووە،کەبەم شێوەیە باسی لێوەدەکەن :(بزاڤی تەغریبی پەیوەندییەکی بەتینی بەم جیهانە سەیر وسەمەرەیەوە هەیە، هەوڵدەدا پەردە لەسەرنهێنییەکان هەڵداتە، بۆشاییە مەعنەویەکانی ژیان پڕبکاتەوە)(ئاغۆک ،2011: 6)لەبارەی پەیوەندی ئەدەبی تاراوگە بەئەدەبی نامۆیی،نووسەران پێیان وایەکەئەدەبی تاراوگە بەشێکی سەرەکییە لەئەدەبی نامۆییدا چونکەدوور کەوتنەوە لەنیشتیمان مرۆڤ تووشی نامۆبوونی خود-شارستانی-کۆمەڵ دەکات.ڕۆستەم باجەلان پێی وابوو کەبزاڤی تەغریبی هەنگاوی چوارەمی نوێبوونەوەی شیعری کوردییە. دیارە بزاڤی تەغریبی تەنها خەمی ئەدەب وشیعرییان نەبووە ،بەڵکو لەچەندین شوێن لەبارەی هونەرەکانی تر بەیاننامەیان بڵاوکردۆتەوە.وگۆڤارێکی تایبەتیان بڵاوکردۆتەوە بەناوی ئەدەبی نامۆیی ،کاری سەرەکی ئەم بزاڤە گرنگی دان بووە بەئەدەبی تاراوگە ونووسەران ودەرخستنی حاڵەتی یاخیبوونیان لەو باروودۆخەی کورد تێیدا دەگوزەرا (.د.کەمال مەعروف) لەکتێبی" سەرەتای سەرهەڵدانی نامۆیی لەشیعری کوردیدا "باس لەمێژووی ئەدەبی نامۆیی بیانی وکوردی وعەرەبی دەکات هەنگاو بەهەنگاو دەرکەوتنی لەبەرهەمی نووسەران وچەندین شاکاری بەناوبانگی خستۆتە ڕوو وکۆمەڵێ شیعری شاعیرانی کلاسیکی ونوێی شیکردۆتە کەتێیدا هەستی نامۆیی بەزەقی دەبینرا لەبەرهەمی نووسەراندا. کەمال مەعروف دەڵێت:((ئەدەبی کوردیش لەدەرەوەی وڵات دا کارتێکردنی ئەم دوورە وڵاتی وئاوارەیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وغوربەتەی پێوە دیارە ولەبەرهەمی هەندێ شاعیر ونووسەراندا ڕەنگیان داوەتەوە ،دیارە جۆری مامەڵە کردنیش دەبێ مامەڵە کردنێکی کەلەپوری بێ واتە لایەنی باشی وەربگرێ ولایەنی خراپیش فەرامۆش وپشت کوێ بخات)) (مەعروف،2017: 21)،چەمکی نامۆیی مانای زۆری هەیە ولەزۆر بواردا درکەوتووە لەوانە:لەفەرهەنگی کۆمەڵایەتی بەمانای(ونبوون ودوورکەوتنەوەی مرۆڤ لەخودی خۆی,لەبواری دەروونناسی دا بەمانای لەدەستدانی وشیاری وهاوسەنگی دێت. هەرچەندە زاراوەکە بەپێی بوارە جیاوازەکان لێکدانەوەی بۆ کراوە. بەڵام هە موان لەو باوەڕەدان کە "کەسی نامۆ" لەژینگەی ئاسایی وژیانی کەسانی تر دووردەکەوێتەوە .خۆخستنە قاڵبێکی جیاوازی ڕفتار وژیانی جیاواز . نامۆیی چەند جۆری جیاوازی هەیە کەکاریگەری ژینگە وشێوازی گوزەران هۆکاری بوونە ، بەڵام لێرەدا باس لەجۆریک دەکەین ئەویش (نامۆیی خودی)ی ورەنگدانەوەی لەژانرێکی ئەدەبی وەک(ڕۆمان) وچۆنێتی کردنی بەتەوەری سەرەکی گرێچنی ڕۆمانەکە لای نووسەر(ڕێواس ئەحمەدولۆتفییە دلێمی)دا ،دەرکەوتنی لە هەست ومەنەلۆگی ناو ڕۆمانەکان بەنموونە باسدەکەین .لەگەڵ ڕاگەیاندنی بزاڤی تەغریبی . کەرەسە وبابەت لای نووسەرانی کورد ،لەبواری (شیعر وچیرۆک ورۆمان) دەربڕینێک بوو لەدۆخێکی کۆمەلایەتی ودەروونی دا، لەرێگەی پرۆسەی یادکردنەوە وکاریگەربوون بەژینگە وگوزەرانی خۆیان ،لەبەرهەمەکانیان ڕەنگی دایەوە .هۆکاری پۆزەتیف ونیگەتیفی بەدواوە بووە. نامۆبوون هەستێکەوبەشێکە لەڕەفتار واتا((کاتێ مرۆڤ نامۆ بوو بەرامبەر بە دیاردەکانی دەوروبەر و نهێنی سەرهەڵدانیان، پەنا دەباتە بەر هێزیك لە خۆی گەورەتر، پەناگەیەك رازی دڵی خۆی تێیدا بکاتەوە))( عباس، 2016: 20). ئەم چەمکە لەبواری ئەدەبدا،چەندین مانا هەڵگرە .ڵەگەل گۆرینی تەکنیکی ژیان وسەردەم گۆڕانی بەسەر شێوازی نووسین هێناوە. بەتایبەتی هۆکاری (ئاینی وسیاسی وکۆمەڵایەتی ،خێزان وداب ونەریت وکۆچ وئاوارەی ودەربەدەری وباری ئابووری وستەمی دەسەڵات ) ،وایکردووە ببێتە کەرەستەیەکی لەباری دەربڕین ویاخی بوونی نووسەر ،هەڵچوون وبێ چارەیی لەبەرهەمەکەی ببینێتەوە. واتا((نامۆیی مرۆڤ لەبەرامبەر سروشت وجەوهەری تایبەتی مرۆڤ. نامۆیی مرۆڤ لەئاقاری مرۆڤبوونی خۆیدا،ئەم رەوشەش بێگومان جۆرە هەست کردنە بەبێ هێزی وبێ دەسەڵاتی ،بێزاریی لاوازبوون ،کەمتەرخەمی ،گۆشەگیری کۆمەڵایەتی ،بروانەمان بەبەهاو ورێو شوێن وبنەماکانی ئاکاری ......هتد لی دەکەوێتەوە)) (یوسف، 2004: 43) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم:پڕاکتیزەکردنی چەمکی نامۆیی خودی لەڕۆمانی(ژن)ی ڕێواس ئەحمەد و(عالم النساء الوحيدات)ی لۆتفییە دلێمی دا:

### 1- نامۆیی خودی لەڕۆمانی(ژن)ی ڕێواس ئەحمەد:

نامۆیی خودی : جۆرێکە لە گۆشەگیری ،کەمرۆڤ لەقاڵبێکی تەسکی ڕەفتاردا خۆی بەدوور دەگری لەکەسانی تر هۆیەکی داسەپاوی ژینگەیە ،ئەو مرۆڤە خۆی بەتەنها وبێ کەس دەبینێ واتا:(( تاکی نامۆ لەگەڵ کەسانی نامۆ بە خودی خۆیەوە، کە تێروانینێکی جیاوازییان هەیە بەرامبەری دەژێ بۆیە(نامۆبوون بەخود) هەڵگری ئاگاییەکی ئازاراویە بە نەمانی خودە ڕاستەقینەکەی تاک کۆتادێت ئەو(نامۆییە)ی ، کە سارتەر باسی دەکات "بەو جۆرە ئاراستەی ناکات بۆمان، کە ناکۆکییەکە پێویستە بەسەریدا زاڵ بین، بەڵکو وەک ڕاستەقینەیەک قسەی لێ دەکات، کە پێویستە ئاگاداربین و بیزانین و دانی پیابنێین )) (الكنجي ،2015: 3). سارتەر جۆرێک لەڕەهەندە گرنگەکانی (نامۆیی لە خود) ڕووندەکاتەوە. بەهەمان شێوە فەلسەفەی (مارکس) و (رایت میلز) و (فرۆید ) باسیان کردووە. (کارل مارکس) پێی وایە. نامۆبوونی مرۆڤ نامۆبوونە لە خودی خۆیی و ململانێ وجەنگە لەنێوان خود و ئەو توانا مرۆییەی کە هەیەتی بەرامبەرتواناکانی وسەرکوت کردنی لەکۆمەڵگاکەی. مارکس دەڵێت:(( نامۆبوون ,لەجەوهەری مرۆیی دەچێت بەرەو جۆرێک لەخۆپەرستی لەبووندا ،مارکس وەسفی ئەم حالەتەدەکات کەجەوهەری مرۆڤ بۆتە هۆکاری حاڵەتە فەردێکەی،کاری نامۆ جەستەلە سروشتی دەرەکی وژیانی فیکریی وژیانە مرۆییەکەی مرۆڤ نامۆبکات)) (عبد الجبار،2013 : 233 ).پرۆسەی نووسین لای* " ڕێواس ئەحمەد " بەساتە وەختێکی دژوار تێپەریوە ,چونکە بەهۆی گیروگرفتی ژیان وئاوارەیی ,نەیتوانیوە وبواری بۆ نەرەخساوە. ڕێواس ئەحمەد دەڵێت: ((پاش ئەوە لەو باوەڕەدابووم ئەدەبی منداڵان دەبێت تەکانێ بەرەو پێشەوە بدات و منداڵان نزیک بکاتەوە لە جیهانی منداڵێتی خۆیان. لە ئەدەبی منداڵانی جیهانیدا دەمێک بوو ئەرکی مامۆستایەتی و پەنجە ڕاوەشان بەسەرچووبوو. نووسین بۆ منداڵان کارێکی ئاسان نییە ، دەتوانم بڵێم گرانترە لە ئەدەبی گەورە, ساڵان لەبەرئەوەی زمان و زهنیەت و تێگەیشتنی منداڵ بەردەوام لە گۆڕیندایە. بۆیە گرنگی دان بە تەمەن زۆر گرنگەلەنووسیندا))(گفتوگۆ(21-9-2021): ماڵپەڕی ئازادی azadii.net).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نووسەر دەڵێت:(( من وەک هەموو کوردێک لەسەرەتاوە هۆنراوەم دەنووسی، بەرهەم و هۆنراوەکانم لەو ڕۆژنامانەدا بڵاودەکردەوە کە لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە لە کوردستان دەردەچوون و لە هەولێریش لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبیەکاندا بەشداریم دەکرد. ئەو سەردەمە زیاتر خۆم بە شاعیر دەزانی. وەک ژنە شاعیرێ ناسراوبووم. نووسین لەهەموو بوارەکانی داهێنان زیاتر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی تایبەتی نووسەرەکانەوە هەیە. نووسین لای من  بە پرۆسەیەکی پچرپچردا تێپەڕیووە هەروەک چۆن ژیانم  تا ئێستاش بریتییە لە زنجیرە دابڕانێکی پچرپچر))(گفتو گۆ لەگەل نووسەر :2021). ڕووداوەکانی ڕۆمانی(ژن)، باس لەژیانی ئاوارەیی ودەربەدەری سێ ئافرەت دەکات، بەناوی ( هەتاو و ڕێزان  ) کە هەر یەکێکیان بە هۆکاری جیاواز هاوسەرگیری دەکەن و ڕوودەکەنە ئەوروپا، لە شەڵتەری ژنان لە شاری ستۆکهۆڵم یەکتر دەبینن و لەهەمان کاتدا (شارا) دەناسن ،کە لە تەمەنی منداڵیدا خێزانەکەی لە کوردستانی باکوردا هاتوونەتە سوێد و بە زۆر دراوە بە ئامۆزاکەی بۆ ئەوەی ڕایبکێشێتە سوێد.  چیرۆکی پڕ کارەساتی هەر یەک لەم ژنانە تێکەڵ بەیەک دەبن و لەو وڵاتەدا سەفەرێکی تری پڕ ئازار و نامۆیی دەست پێدەکەن. کە ئەم ڕۆمانە تەواودەکەیت چاوەڕوانی ئەو کۆتاییە ناکەیت، چونکە بە کراوەیی ماوەتەوە . چارەنووسی هەتاو و ڕێزان نادیارە. ئایەهەتاو ژیان لەگەڵ هانس دەست پێدەکات ،کە کەوتوونەتە داوی خۆشەویستی یەکترەوە؟ یاخود ڕێزان گەڕاوەتەوە کوردستان یانا؟ شارا خۆی کوشتووەیاخود کوژراوە؟  بۆیە خوێنەر بەتەواو کردنی ڕۆمانەکە چاوەڕوانی تەواوکردنی بەسەرهاتەکان دەکات. خودی نووسەر دەڵێت: (( زۆر کەس داوای تەواوکەری ڕۆمانەکەیان لێدەکردم، من خۆم بیرم لەوە نەدەکردەوە، بەڵام لەساڵی "٢٠٠٩ "دەستم کرد بە تەواوکردنی ڕۆمانەکە. ڕۆمانی لە ئامێزم بگرە، لێرە پاش چەند ساڵێک لە ژیانی هەتاو لە سوێد و ڕۆحی ئەم ژنە لە ئاسماندا ئاشنا دەبێت بە دوو ڕۆحی تر، ژنێکی شاعیر بە ناوی ئۆلگا و ژنێکی مەغریبی بەناوی سەمیرە بەیەک شاد دەبن. لەم ڕۆمانەدا ڕووداوەکان لە دوو ئاستدا گەشەدەکەن، لەئاستی ڕۆحی وئاستی جەستەیی( ژیانی سەر زەمینی)، ڕووداوەکان لەڕێگەی دەنگە جیاوازەکاندا دەگێڕرێتەوە)) (گفتوگۆلەگەڵ ریواس ئەحمەد:2021). لەم ڕۆمانەدا، باس لە ئازارەکانی ژن وئەو نادادپەروەرییەی لەکۆمەڵگە جیاوازەکاندا ڕوو بەرووی دەبێتەوە . هەستی نامۆیی ئەم سێ ژنە کۆدەکاتەوە، تێکەڵبوونی ئەم هەستە هەرسێکیان لە بازنەیەکدا کۆدەکاتەوە. باس لە کاتی ئێستا دەکات و لەهەمان کاتدا هەر لە ڕێگەی هەتاوەوە باس لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان دەکرێ. ڕێواس ئەحمەد ، هەوڵی داوە وەک زنجیرەیەک دوا بەدوای یەک

خوینەر لەچاوەروانی بهێلێتەوە .وە بەپەرۆش بێ لە نووسینی رۆمانی دواتر ،کەکۆتاییەکی کراوەی جێهێشتوە لە رۆمانی یەکەم .بەم شێوە بواری فانتازیا وخەیاڵ فراوانی بۆ خوێنەر جێهێشتووە .تا کۆتاییەکەی بەئارەزووی خۆی وێنا بکات ،ئەم تەکنیکە نوێیە لەنووسیندا بواری فراوانتر دەدات بەڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکان .لەڕۆمانی (ژن) باس لە نامۆیی ژنی مرۆڤ دەکات بە کۆمەڵگەی کوردستاندا و لە ئەوروپا. لەگەڵ ئەوەی ڕووداوەکان لە ئەوروپا ڕوودەدەن بەڵام بەردەوام گرێدراوە بە ژیانی کوردستان . ڕووداوەکانی ڕۆمانی دووەمی نووسەر (لەئامێزم بگرە)،باس لە نامۆیی هەتاو دەکات لە کۆمەڵگەی کوردستان. هەتاو نامۆییە بەو کۆمەڵگەیەی کە پێش ٢٥ ساڵ بەجێیهێشتووە. بۆچوون و لێکدانەوەی ئەو بۆ هەموو مەسەلە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکان گۆڕاوە، لەگەڵ ئەو واقیعەی کەو ئەو دەیبینێت ناگونجێت. لەگەل ئەوەشدا بڕیاردەدات بمێنێتەوە و بەرگەی هەستی نامۆیی خۆی بگرێ و خزمەت بە نیشتمانەکەی بکات.ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیانەی پێ قبووڵ نییە،کە ڕۆژانە وەک دکتۆرێکی نەفسی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بۆ نموونە گەندەڵی، دەستەڵاتی کەسانی سیاسی، خیانەتی نێوان ژن و مێرد، لەشفرۆشی و گێچەڵی سیکسی و زۆر بابەتی تر. تەنانەت نەورۆزی مێردی کە ئەویش دکتۆری ژنانە، لە ژێرەوە ژنێکی کە دێنێت. کاتی هەتاو بەمە دەزانێت یەکسەر بڕیاری جیابوونەوە دەدات. لەگەڵ ئەوەی ئەو خەڵکانێکی زۆر لە دەورین، بەڵام هەستی نامۆیی تەنگی پێهەڵدەچنێت .لە کۆتاییدا بڕیاردەدات لە بناری شاخێکدا خانوویەک دروست بکات لەوی بە تەنیا بژی، لەهەمان کاتدا پەیوەندی بە گەنجانەوە بەردەوام دەبێت و لە زانکۆکاندا وانەی خۆبەخش دەڵێتەوە. بەڵام دڵتەنگی وتەنیایی وای لێدەکات کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێت .ڕیواس ئەحمەد دەڵێت: ((دیارە ژیان لە وڵاتێکی دی دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندووم کە ئاشنای بەرهەمی نووسەرانی وڵاتانی تریبم و مەودای بیرکردنەوەم بەرفراوانتربکەن. دوو ڕۆمانووس هەیە کە کاریگەری زۆریان لەسەرمن داناوە سەراماگۆ کە سەرنجی تەکنیکی گێڕانەوەی ڕۆمانەکانی دەدەم و تیهەڵکێشکردنی تێڕوانینەکانی بودیزم لە ڕۆمانەکانی پاولۆکایللودا بۆمن ڕێگانیشاندەرە ڕستەکانی ئەو جێگای ڕامان وهەڵوێستەکردنە)) (گفتوگۆڵەگەڵ ڕێواس ئەحمەد:2021).لەڕۆمانی(ژن)،کەسایەتی سەرەکی ناوی" هەتاوە"گوزارشت لەژیان وبیرەوەرێکانی خۆی دەکات،کەدەڵێت: ((داخی گرانم گەر ئیستا بزانێ لەنەخۆشخانە گسک دەدەم ،کفنەکەی خۆی دەدڕی ولەگۆڕەکەی دەهاتە دەرێ وپەلی دەگرتم ودەیبردمەوە بۆوڵات وتفی لەو ڕۆژگارە دەکردکەمنی تووڕ داوەتە ئێرە))(ئەحمەد،2005: 4)نووسەر لێرەدا لەڕێگەی مەنەلۆگی

پاڵەوانەکە ،نامۆیی خودی ودوورکەوتنەوەی لەزیدی باو باپیرانی دوای ئەوەی لەقۆناغی سێیەمی بزیشکی بووە ،بەهۆی سەختی ژیان نەیتوانی درێژە بەخویندنی بدات. لەهەندەران وەک خزمەت گوزار لەنەخۆشخانە کاری کردووە .ئەوەمان بۆ باسدەکات کەچەند نائومید ونامۆبووە ،تەنانەت برا کۆچکردۆکەی لەگۆڕەکەیدا ناڕازییە بەرامبەر کارەکەی .هەست بەتەنهای ودوور لەوڵات وغەریبی دەکات . پاڵەوان غەریبی، ژیانی لێ قورس دەکات لەگەڵ جوانی وڵاتی سوید هەردەم نامۆیە بەخودی خۆیی.بەردەوام حەز بەکارکردن وماندووبوون دەکات، تا خەمەکانی لەبیرکات بۆیە دەڵێت: ((هەست بەتەنیاییەکی زۆر دەکەم بەتایبەتی ڕۆژانی شەممە ویەکشەممە .زۆربەی کات لەماڵەوە بەتەنیا کات بەسەر دەبەم )) (ئەحمەد ، 2005: 16 ). ئەو قورساییەی ئەرکی سەرشانی ژنان لەهەندەراندا، دەبێتە هۆی دروستبوونی فشاری دەروونی، سترێس، خەمۆکی و گەلێ نەخۆشی دەروونی سەردەم. ڕێژەیەکی زۆری دایکانی تەنیای خاوەن منداڵ ڕووبەرووی فشاری دەروونی و سترێس دەبنەوە. ڕێژەیەکی زۆری ئەوانەی تووشی خەمۆکی یان سترێسی کاردەبنەوە ژنن .نووسەر دەڵێت: ((لەگەڵ ئەو ئاسوودەییەی کەلە سوێد هەستی پێدەکەم، بەڵام ڕەگەکەم لە خاکی نیشتمانم ڕۆچووەو و هۆی مانەوەم لە ژیان و پرۆسەی نووسیندا بەستراوە بە کوردبوونمەوە.. بۆیە لە هەرپێنج ڕۆمانەکانمدا نەمتوانییوە خۆم لە گەڕانەوە بۆ کوردستان لابدەم)) (گفتوگۆلەگەڵ ڕیواس ئەحمەد). نووسەر هەوڵی داوە لەم ڕۆمانە ،ئەو گرفتانە بخاتە روو کەلەوڵاتی بێگانە دووچاری ئافرەت دەبێتەوە هەرچەندە جۆرە ئازادییەکی فیکری دەستەبەرە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەیە کە ئافرەت، لەهەموو کۆمەلگایەک تووشی گرفتی کۆمەڵایەتی بۆتەوە وەک ئەوەی (ڕیواس ئەحمەد) باس لەپاڵەوانی ڕۆمانی ژن دەکات ،کە لە(شەلتەڕی ژنان )کاری کردووە .ئاگاداری ئەو جۆرە توندوتیژیانە بووە کەرووبەڕووی ژنان بۆتەوە. هەولی داوە ،وەک چیرۆکیکی واقیعی لەم ڕۆمانە تەوزیفی بکات.نووسەر دەڵێت: ((لەوانەیە یەکێ لە گرفتەکانی من تەنیا ژن بوون نەبێت بەڵکو گیرسانەوە بێت لە وڵاتی سوێد کە بە وڵاتی دووەمی خۆمی دادەنێم. لەو وڵاتە دوورەدەستە ساردەدا هەست بە مرۆڤایەتی خۆم دەکەم، لە ماوەی ئەم هەموو ساڵانەدا هیچ کاتێ هەستم بەوە نەکردووە بە شێوەیەکی جیاواز هەڵسوکەوتم لەگەڵدا دەکرێ لەبەرئەوەی ژنم بەڵام ئەو هەستە لەهەموو هەنگاوێکمدا لە کوردستان هەستی پێدەکەم، تەنانەت لە تێراونینێکی سەرپێی شەقامەکانیشدا )) (گفتوگۆڵەگەڵ ڕێواس ئەحمەد:2021 ).لە ڕۆمانی (ژن) پێشێل کردنی مافی ئافرەتان بەکارهێنانی توند وتیژی وژنکوشتن ، نامووس بردن ... بەشێکن لەو

گرفتانەی دووچاری ئافرەتان دەبێتەوە، کەلەکۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ڕێژەکەی زیاترە."فیدیریکو گاریسیا لۆرگا" نووسەرێکی ئیسپانییە لەشانۆیی (زەماوەندی خۆێن) : باس لە شین وشایی دەکات ،کە چۆن لەپرێکدا زەماوەندێ دەبێتە هۆکاری کوشتنی خێزانێک بەهۆی تۆڵە سەندنەوە ومەسەلەی شەرەف لەلادێیەک لە ئیسپانیا ،ئەم تراژیدیایەش لەکوردستانی خۆمان دووبارە بۆتەوە .بەهۆی ناوشیاری وتۆڵە سەندنەوە .چەندین کارەسات ڕووی داوە وە زەماوەندیان لێ بۆتە شین. بڕوانە(لورکا ، 2015: 22).دۆخی ژن وناساندنی کێشەکانی هۆکارێکی سەرەکی وئامانجێ بووە، بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی فیمینیزمی ئەدەبی ورەنگدانەوەی لەژانرە ئەدەبییەکان هاتنە ئاراوەی چەندین نووسەر ،کەهەوڵی دەستەبەرکردنی مافی ئافرەتانیان داوە. لەئەوروپا سەرەتای "سەدەی بیستەم" گرنگی بە ئەدەبی ژنان دراوە.لەرێگەی نووسینەکانی (سیمۆن دی بۆفوار)کە نووسەریکی ئافرەتی فەرەنسی بووە،چەندین ڕۆمان ولێکۆڵینەوەی لەبواری چەوسانەوەی ئافرەت نووسیوە،و هۆکاری سەرهەڵدانی بزووتنەوەی بەرگری کردن لەمافی ئافرەتان بووە. لەئەدەبی کوردی ,ئەو نووسەرە ئافرەتانەی ئەم ڕیچکە نوێیەیان گرتە بەر هەوڵی لاسایی کردنەوە ئەدەبی بیگانەیان داوە . کێشەی ژن بۆتە تەوەری سەرەکی گرێچن ورووداوەکانی ناو بەرهەمەکانیان ویتیگ دەڵێت : ((ژنان چینێکی کۆمەڵایەتین کەتەنها سەرکوت دەکرێن وهیچی تر .سڕینەوەی سەرکوتکاری وبەگشتی سەردەست وژێردەست (گرووپی ڕەگەزی پیاوان وگرووپی ڕەگەزی ژنان) پێویستی بەوە هەیەکە پیاوان وژنان وەک دووگرووپی مرۆیی لەناوبچن، واتە کاتێک دیاردەی سەرکوتکاری لەناو دەچێت کەمرۆڤ بەگشتی تیابچێت)) (فریدمەن ،2001: 40).لەڕۆمانی (ژن) ,ڕۆماننوس جگە لەباسکردنی پاڵەوانی سەرەکی کە(هەتاوە) ،باس لە دوو کارەکتەری تریش دەکات بەناوی (ڕێزان وشارا) کە دوو ئافرەتی کوردی هەڵاتوون لەکوردستان. لەترسی هاوسەرەکانیان لەحاڵەتی ترس ودڵە ڕاوکی دەژین . هەڵاتن لەترسی کوشتن ،بەدەستی باوک وبرا ومێرد دووچاری نامۆیی خودیان کردوون .وایلێکردوون نامۆبن بەژیان ونیشتمان هەرچەندە هەتاو ترسی کوشتنی بەدەستی برا وباوکەوە لەسەر نییە، چونکە برا گەورەکەی شهید کرا وباوکیشی کۆچی دوایی کردووە،بەڵام ترسی لەهاوسەرەکەی پێشووی ،دووچاری چەندین گرفتی دەروونی کردووە.هەتاو دەڵێت:(( لەهەمووچونە دەرەوەیەکدا ترس وەکو مۆتەکە بەدواوەمەیە دەستم لەسەردڵمە .خۆ دەشزانم لێرە ناژی ،تارماییەکە ولەبەر چاوم ون نابێ. لەوەڕینی هەموو سەگێک ڕادەچەڵەکێم )) (ئەحمەد، 2005: 21 ).نووسەر لەم ڕۆمانە زیاتر پرس وگرفتی ژنان دەخاتە ڕوو.هەرچەندە لەدوورە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وڵاتیش بن .بەڵام ئەو غوربەتە ڕوحییە وایان لێ دەکات ئارام نەبن هەمێشە هەستی دڵەڕاوکی وترسی ستەم وئەشکەنجە دانی ڕەگەزی بەرامبەر ئاسوودەی ناکات. بۆیە: (( کاتێک ڕۆماننووس ,ڕۆمانێک دەنووسێت ،ئەوە جیهانێکی جیاوازونوێ دەئافرێنێت .ئەم جیهانە دامودەزگای تایبەت بەخۆی هەیە، دانیشتووی خۆی هەیە،شێوەی پەیوەندی وخزمایەتی تایبەت بەخۆی هەیە وەنرخ وبەهای کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی هەیە کەخەڵکی پەیرەویان دەکەن )) (زادە، 2015: 11). ڕۆمان پانتاییەکی زۆری هەیە وەک مەملەکتێ شوورا دراوە .نووسەر بەئارەزووی خۆی بەڕێوەی دەبات یان واقیع دەگوازێتەوە یاخود فانتازیا وخەیاڵ بەڕێوەی دەبەن. ڕێواس ئەحمەد دەڵێت: ((. من زیاتر باس لە کێشەی ژن دەکەم لە ڕۆمانەکانمدا و ئەو نایەکسانییەی کە هەیە جیا لە کولتووری جیاوازو مێژووی جیاواز هەمان هۆکار و ڕەگی هەیە ئەویش نزم یان بەرز نرخاندنی مرۆڤەکانە بەپێی جیاوازی ڕەگەز.ئازارەکانی ژن و کوردبوون دوو بابەتی تێهەڵکێشراون لە هەموو ڕۆمانەکاندا. ژن و منداڵانیش قورساییەکی زۆریان لە سەر شان بووە. ، لە کاتێکدا شوێنی سەرەکی ڕووداوەکان سوێد و وڵاتانی ترە. ئەمەش تەنیا ئەزموونی من نییە بەڵکو ئەزموونی هەموو ئەو نووسەرانەیە لەبەر هەرهۆیەک لە وڵاتەکەی خۆیاندا ناژین. ئەمەش نەبووە هۆی دابرانی نووسەرەکان لە خوێنەرانیان. ئێستا جیهان هێندە بچووک بووتەوەو کێشە مرۆییەکان زیاتر و زیاتر لێک نزیک دەبنەوە.)) (گفتوگۆ(2021) :ماڵپەڕی ئازادی azadii.net).ڕۆماننووس پیش بوونی بەنووسەر مرۆڤە ،کاریگەرە بەجیهان وژینگەی خۆی .هەرچەندە کەسانی ئاسای لەهەمان جیهان دەژین ،بەڵام نووسەر دەتوانی بەشێوەی کاریگەر تر هەستی خۆی وجیهان بینینی وتێروانینی دەربڕێ ،کەوەسفی پاڵەوانی ڕۆمانیک دەکات بەناخی دەچێتەوە ،لە درزە شاراوەکان دەڕوانی .وەک (یادەوەری منداڵی -ڕووداوە دڵتەزێنەکان خۆشی –برسێتی-کەیف خۆشی -هاوڕێتی - دڵ وخواستی.....هتد) کە ئەمەش پرۆسەیەکی زینییە لەنەستەوە، ولەکۆی یادەوەرێکانی بۆی مەیسەرە .دواتر ناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دووبارە دەبێتەوە .زۆر جار مرۆڤ هەست دەکات لە ناو ئەو جیهانەی تیدایە بەشورایەک دەوەر دراوە .تەنانەت هێزی دەربڕینی خواستەکانی نییە. ئەمەش وادەکات هەڵسوکەوتی نەشاز وسەرشیواو بێ ئەمە هۆکارەکەی ئەو نامۆییە خودییەی هەستی پێ دەکات . پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەڵێت(( وابیرمەکەرەوە .ئەگینا ژیانت لێ تاڵتردەبێت ،ناتوانی بەرەنگاری ئەو گرفتانە ببێتەوە کەڕووبەڕووت دەبن )) (ئەحمەد،2005: 57). هەتاو لەگەڵ خۆیدا دەردە دڵ دەکات .پاساو بۆڕەفتارەکانی دەهێنیتەوە ,کەکەوتۆتە داوی خۆشەویستی لەگەڵ بزیشکێکی خێزاندار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچەندە بەهۆی هەمان ڕەفتار لە هاوسەری جیابۆوە ،ئەمە هەمان هەڵەی ئەو دووبارە دەکاتەوە وەک تۆلە سەندنەوەیەک بۆ ئەو ستەمەی لی کراوە وەهەستی مێنەیی بریندار کراوە،بۆیەدەڵێت: ((پیاوان وادرووست کراون کەتەنیا خۆیان ببینن ،ئەم خۆشەویستەی من ،مێرد وژنیک لەیەک جیادەکاتەوە دوای ئەوە خەتای من نەبوو،کەوتمە خۆشەویستی کابرایەک نایناسم ، لەوانەخەتای هەستم بێت ،یان خەتای ئەو هەموو فانتازیایەی کەهەمە ،خەوم بەوەوە دەبینی شوو بەپزیشکێکی لێهاتوو بکەم وپێکەوە ببینە باسکار ولەجیاوازی پێکهاتەی پیاووژن بکۆڵینەوە)) (ئەحمەد،2005 61) هەستی ئافرەت زۆر ئازار دەدرێ کاتێک ئەو پیاوەی خۆشی دەوێت ،کەسێکی تر بێنێتە ناو ژیانی بۆیە لێرەدا ئەو حاڵەتەی پاڵەوان نامۆییەکی دەروونی لەخودی خۆی دەبینێ. ناچاری دەکات جێگرەوەیەک بدۆزێتەوە ،کە لەو غوربەتەڕزگاری کات. ڕێواس ئەحمەد دەڵێت: ((زۆر لە پیاوان لەو باوەڕەدام کە من فمنیستێکی توندڕەوم یان زوڵمم لە پیاوان زۆرکردووە لە بەرهەمەکانمدا، بەڵام خۆم لەو باوەڕەدام کە ئەوەی من باسی دەکەم تەنیا ڕاگوزارە لە واقیعی ژن و پیاو دەکات لە کۆمەڵگادا. ئیتر هەریەک لە ئێمە چۆن ئەو واقیعە دەبینێت پەیوەستە بە زهنیەت و پەروەردە و هۆشمەندی ئەو تاکە. من باس لە یەکسانی ژن و پیاو دەکەم لە هەموو بوارەکاندا، تەنانەت لە مەسەلەی خۆشەویستیدا)) (گفتوگۆ (2021):ماڵپەڕی ئازادی azadii.net) ڕۆماننوس، لەگیرانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە واقیعی بووە .لەشێوازی پەرەگرافەکان.وێنەیەکی واقیعی خستوەتە ڕوو، بەشێوەی زمانێکی تایبەت چێژ بەخوێنەر ببەخشێ .لەژیانی ڕۆژانەی خۆمانەوە هەرچی کێشە هەیە بیخاتە ڕوو واتە: (( ئەوشتەی کەگرنگە وپێویستە لەسەر هونەرمەند گوزارشتی لێ بکات ،بینینی تایبەت،یان چییەتی ژیان لەگۆشەنیگای خودییەوە)) (مەجید2021، :113) . لە بەرێوە چوونی ڕووداوەکانی ناورۆمانی (ژن) وەدۆخی کارەکتەرەکان تەوەری سەرەکی گرێچنی ڕۆمانەکەیە ژیان وبەسەرهاتی هەرسێ پاڵەوانی سەرەکی(شیرین وشارا ورێزان) ە ،ئاوارەی وتەنیایی وبێ چارەیی وبیزاری لەژیان .ترسی کوشتن ونامۆیی ،بێ بەشبوونی لەئارامی دڵ ودەروون .شیرین(هەتاو) پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەڵێت: ((من فێربووم چۆن حەزەکانی خۆم لەپێناوی کەسانی تردا زیندە بەچاڵ بکەم ،ئەی بەرژەوەندی دایک وبراکانم نەبوو منی گەیاندە ئەم ژیانەی ئێستام دایکم وایدەزانی تا من خوێندنەکەم تەواو دەکەم ئەوان لەبرسان دەمرن )) (ئەحمەد،2005: 81) .بەم شێوە دەتوانین بڵێین نووسەر چەندین گرێی دەروونی تێهەڵکێشی مەنەلۆگ وگرێچنی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە کردووە .وە زیاتر سوودی لە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەزموون وژیان ودۆزی ژن بینییوە . کە وەک مرۆڤێکی هەستیار لەلایەن کۆمەڵگەوە تەماشا نەکراوە . ئەو گیرو گرفتانە دووچاری بۆتەوە، هۆکارەکەی شیوازی ژیان وگوزەرانی لەناو دۆخێکی نائارام بووە.تەنها شتەکان سەپێنراوە بەسەری دا.لەگەل ئەوەی مافی بڕیاردانیشی نەبێ .نووسەر وەک کەسێکی نامۆ قسەدەکات ،لەناو تاراوگە ولەژێر شڵەژانی دەروونی ئاوارەیی وغوربەتی ، لەجێی هەموو ئافرەتیکی کورد قسەدەکات . ڕووداوەکانی ژیانی کردۆتە کەرەسەوهەوێنی بیرو یادەوەریکانی .ڕەنگە نووسەر وەک دەمامکێک ،ئەو سەختی وئەزموونەی خۆی لەژیانی کارەکتەرەکانی پەردەپۆش کردووە .توانەوەو تێکەڵبوون لەگەڵ یادەوەری زەخیرەی بەسەرهاتەکانی ژیانی، توانیویەتی کۆمەڵێ ڕۆمان پێشکەش بە خوێنەری کورد بکات . بەم شێوە تا کۆتای ڕۆمانەکە خوێنەر لەچاوەڕوانی دەمێنێتەوە ،کۆتاییەکی کراوەی هەیە، تا خەیاڵ فراوانی خوێنەر کۆتای بۆ دابنین .لەلایەکی ترەوە چاوەڕوانی ڕۆمانی دواتر بن .نووسەر لە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە تەکنیکی سیانەیی (ثلاثیة)ی بەکار هێناوە ، وەک نووسەری بەناوبانگی میسری (احسان عبدالقدوس) کەزۆربەی چیرۆک وڕۆمانەکانی بەزنجیرەی بەیەک بەستراوکۆتا دەهات ,,ڕیواس ئەحمەد,, ڕۆمانی (ئاوێنەی ژنێک- ولەئامێزم بگرە) زنجیرەیەکە لەگەڵ ڕۆمانی (ژن). لەوێ ڕووداوەکان تەواوکراون.

**2-نامۆیی خودی لەڕۆمانی (عالم النساء الوحيدات)ی لۆتفییە دلێمی :**

لە ڕۆمانی " عالم النساء الوحيدات " *لۆتفییە دلێمی، هەوڵی وروژاندنی بابەتێکی گرنگی ژیانی ئافرەتی داوە ، باروو گوزەرانیان لەناو وڵاتێک کەبەردەوام بەهۆی جەنگەوە دەناڵێنێ . ئەو ئافرەتە پەراوێزخراوانەی کۆمەڵگا، کەس لەئازارەکانیان ناگات . کاتێک جەنک دووریان دەخاتەوە لە خۆشەویستەکانیان ،ژیانی تەنهاییان پێ دەبەخشێ . دڵ بریندار وبێدەنگ ، ئەوغوربەتەو دەردی غوربەت ماندووی کردوون. ئەگەرچی ڕۆمانەکە لە ڕوخساردا وا دەردەکەوێت یەك پارچەیە و بەدەوری یەك کارەکتەر بخولێتەوە ،بەڵام ڕۆماننووس چەندین ڕووداو وشوین وکارەکتەری هێناوەتە ناو ڕۆمانەکە بە گێڕانەوەی زمانحالی ئەوان دەدوێت ، لەناوەوەدا لەچەند بەش پێك هاتووە . یەکی لەوانەچیرۆکی ئافرەتێک بەناوی(م)؛ کەیاداشتەکانی لەڕێگادا لەلایەن مامۆستایەکی زانکۆ، لەبەشی مێژوو دەدۆزرێتەوە ، زمانی خەیاڵ وچوونە جیهانی ئەوباسدەکات . تەنهایی وخەم وئازارەکان لەپەڕەکانی ئەو پەرتووکە چکۆڵانەیەجێگای نابێتەوە .ئەو کچەی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەژووری نووستنیدا ،بەنهێنی دایڕشتووە .هەروەها نووسەر ئازادی تەواوی بە کارەکتەرەکان داوە، تا لە ڕێگەی دیالۆگەوە خۆیان دەربخەن، بۆیە دیالۆگ لەم ڕۆمانەدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت. بگێڕەوەی هەمووشتزان دەسەڵاتی خۆی بەسەر کارەکتەرەکاندا بسەپێنێت. خوێنەر زانیاری لەدەمی کارەکتەرەکانەوە بە دەست دەهێنن، ئەوە مانای ئەوەیە نووسەر پێشتر بڕیاری نەداوە تێکستەکە ،بەچ ئاڕاستەیەك ڕێ بگرێ؟ بەڵکو بەرەو نەزانراوی بردووە، تا خۆی خۆی بنووسێتەوە. ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ڕۆمانی نوێ، یان ڕۆمانی پۆستمۆدێرن، کە تێکست دەدوێت، نەوەك نووسەر. ڕۆمان خۆی خۆی دەنووسێتەوە، نەوەك نووسەر بینووسێتەوە .بۆیە:((یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمانیش کارەکتەرە.ڕۆمان بریتییە لەگێڕانەوەی ژیان وبەسەرهات وباسکردنی بیرۆباوەڕ وباری دەروونیی ودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو بوونەوەرانەی ڕۆماننووسێک دایان دەهێنێ بۆ ئەوەی لەڕێی ئەوانەوەجیهانێکی خەیاڵی هاوشێوەی جیهانی واقیعی دامەزرێنێ)) (ئەلۆەنی،2021 : 5).

کارەکتەر(م) یاخی دەبێت، یاخیبوونەکەی دەگاتە ئەوەی ئەو هەموو ڕووداوەسەیرانەی خۆی بنووسێتەوە ،لەهەمان کات بەئاراستەی خەیاڵ بیانبات ، لە کاتێکدا پێشتر زۆر هەوڵی داوە بەشێك لە ڕابردووی ژیانی بگێڕێتەوە. نامۆبووە لەهاوتەمەنەکانی تەنها خولیای خوێندنەوە بووە .بەنهێنی لە سوچێکی ماڵی باوکی چیرۆک ورۆمانی جۆراو جۆری دەکڕی . تەنانەت بەرگەکانی لێ دەکردەوە، لەناو پۆلی خوێندنگاکەیدا لەکاتی وانەکان ئاگاو ودڵ ودەروونی لای ڕۆمان وچیرۆکەکاندا بووە . لەنیوە شەودا بەنهێنی لە ناو جێگاکەی دا بەرۆشنایی مانگەشەودا لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە خولیاو وئارەزووی ئەوبووە و وچێژی لێ دەبینی ، لەکاتیک دا هاوڕێ وخوشکەکانی خەریک جوانکردن وئارایشکردنی ڕوخساریان بوونە . پاڵەوانی ڕۆمانی (عالم النساء الوحيدات) "نامۆ" بووە لەو بارو دۆخەی تێیدا ژیاوە.ژیان وگوزەرانی لەگەڵ پاڵەوانی ڕۆمانەکاندا بووە. لەم ڕۆمانە نووسەر زیرەکانە پەلکێشی ڕووداوەکانمان دەکات ساتێک ژیانی بگێڕەوەی ڕۆمانەکە کەقسەکەری سەرەکییە وساتێک پاڵەوانی ڕۆمانەکە .هەموو ڕووداوەکان باس لەمێژووی نوێی ودۆخی شاری "بەغدا" دەکەن،لەو ساتەی پێش کەوتن ولەناو چوونی دەسەڵاتی بەعسی فاشیزم بگێڕەوەی ڕۆمانەکە دەڵێت: (( كنت أحسني صاعدة من مملكة الماضي من الرماد والخرائب والظلال تأملت الأف السنين الذابلة المتساقطة وراء المسيرة الانسانية في خندق الازمنة البعيدة ولم اجد سوي آثارمرور البشر وحضاراتهم .كانت سنواتي مثل رتل نمل صغير سارعلى أرض متوهجة فتهاوى)) واتا(من هەستم دەکرد ، لەشانشینی ڕابردوو لە

خۆڵەمێش و وێرانە و سێبەرەوە هەڵدەستام. بیرم لە هەزاران وشکە ساڵی کردەوە کە لەناو قوڵایی کاتی ڕابردوو کەوتنە پشت ڕێپێوانی مرۆڤ وشارستانیەتەکانیان جگە لە شوێنەواری تێپەڕبوونی کاتەکانی تەمەنم وەک ڕەوەیەکی بچووکی مێروولە لەسەر زەوییەکی درەوشاوە دەڕۆیشتن وکەوتن). ( الدليمي،2013 :7). بگێڕەوەی ڕۆمانەکە نامۆیە بەژیانی خۆی بەو ڕابردووە تاڵەی هەر تاکێک لەولاتێک چەنگ ومردن بەسەری دا سەپاندووە ، تەنانەت هەرچی شارستانییەت وئەزموونی باو باپیرانی لەو وڵاتە نەگبەتە دا هەمووی بەبا چوو وڕماوە. ڵوتفییە دلێمی هەولی داوە دۆخێکی ڕەش وغەمگینی وڵاتەکەی نیشان بدات دوای لەناوچوونی دەسەڵاتی دکتاتۆری ڕابردوو. نووسەر ئەندامێکی دڵسۆزی ئەو حیزبە بووە . هەرچەندە پێش لەناوچوونی دەسەڵاتی "عەبدولکەریم قاسم " لەعێراق" ئەو ئەندامێکی کارای حیزبی شیوعی بووە ،بەڵام بەهاتنی حیزبی بەعس بۆسەر دەسەڵات بیروو وباوەڕی خۆیی دەگۆڕێ، دەبێتە یەکێ لە وئافرەتەچالاکانەی کاری بۆ ئەو دەسەڵاتە کردووە. ئەم ڕۆمانە لەنۆڤلێت وکۆمەڵێ چیرۆک پێکدێت ، ڕۆمانی "عالم النساء الوحيدات" باس لەنامۆیی وتەنهایی ئەو ئافرەتانە دەکات بەهۆی جەنگەوە هاوسەر وخۆشەویستانیان لەدەس داوە . ئازارەکانی ئافرەتێک کەڕووبەڕووی کۆمەڵگادا ببێتەوە .دلڕەقی وستەمی پیاو بەرامبەر سۆزی ئەو ئافرەتە ،چاوەڕوانی گەرانەوەی ئازیزانی غوربەتی خودی وڕووحی دووچارکردوون .کارەکتەر دەڵێت: ((علي ان انسى كوني وحيدة عل هذا النحو القاسي ....فها هي "كلمات "الرجل تزدهر في ذهني وتشتعل وهي تحيي مباهج مدهشة اخترعناها وبقينا اياما نجهد لامتلاكها )واتا(دەبێت لەبیرم بچێتەوە کە من بەم شێوە دلڕەقانەیە بە تەنیا ماوم...."وشەکانی پیاوەکە لە مێشکمدا چرۆدەکات و خۆشییەکی سەرسوڕهێنەری ڕۆژانێک دەگرێنێتەوە کە بەسەرمان برد لە هەوڵی ئەوەی بەدەستی بێنین) ( الدليمي 2013 : 9).ئامادەبوونی دەنگی نووسەر وەک بگێڕەوەی ڕۆمانکە، یەکێکە لەتەکنیکە نوێکانی ڕۆمان ومیتودی "شەپۆلی هۆش"ڕۆماننووس : ((پشت بەکانگەی بۆچوونی خودیی و مرۆیی دەبەستێت وهەوڵدەدات ئەوەی لەناخیدا جێگیر بوون ئاشکرای بکات . ئەمەش بەدی نایەت تەنها ئەگەر کارەکتەرخۆی سەبارەت بەخۆی نەدوێت)) (مەجید، 2021 : 80).لەپارەگرافێ تر پاڵەوان دەڵێت : (( انظر الى المرآة تخليت عن شعري الطويل وقصصته قصة صبيانية قصيرة جدا وتكاثرت التجاعيد حول الشفتين وظهرت بقع داكنة وبثرات صغيرة وهالات قاتمة حول العينين شفتاي جافتان ونظرتي حائرة ,هربت الي غرفتي من ألمي القديم الذي اعادني اليه انين السدرة ودخلت غرفة النساء الابديات وغرفة الوحشة

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

والدموع))واتا(تەماشای ئاوێنە دەکەم وازم لەو قژە درێژم هێنا ،بەشێوازی کوڕانەی بڕیوومە.چرچ و لۆچی لە دەوری لێوەکانم زیاد بوو و پەڵەی ڕەش و زیپکەی بچووک و ڕەشی دەوری چاوەکانم دەرکەوتن، لێوەکانم وشک بوون و نیگاکەم سەرلێشێواوە، ڕامکرد بۆ لای ژوورەکەم ، ناڵەی داری سیدرە ئازارە کۆنەکانمی بیرهێنایەوە و چوومەوە ژووری ژنە تەنیاکان، ژووری خەم و فرمێسکەکان) (الدليمي ،2013 : 23).ئازارەکانی تێپەڕبوونی تەمەن چنگی لە پاڵەوان هەڵچنیوە ، نامۆبووە، بەخۆیی ودەورووبەر تەنهایی وایکردووە ئەو ژوورە سارد وبێ گیانەی خۆشبوێ، چونکە تاکە شوێنە دەردە دڵی لێ دەکات تەنانەت نامۆیە بەئافرەت بوونی خۆشی وەسفکردنی ئازادانەی کەسایەتییەکان لەلایەن نووسەرەوە ،لەڕێی باسکردنی خودی خۆی ومەینەتی وئازارەکانی . بەمەش پێکهاتەی ڕۆمان پڕەبێ لەدانپیانانی خودی ،جگە لەکارەکتەری واقعی چەند کەسایەتییەکی  تری خەیاڵی دروست دەکات.ئەو ژینگە تێکەڵاوەی ڕۆماننووس دروستی دەکات لەقاڵبێکی فراوانی خەیاڵ نییە بەڵکو ئەزموونی پلەی باگی ڕابردووە وایکردووە واقیع وخەیاڵ بوونی هەبێ..بێ گومان ئەمە لەو ڕۆمانانەی کە خاسیەتێکی "کۆمەڵایەتی دەروونیان"  هەیە دەبینرێ..لەڕوانگەی دەروونییەوە ،ڕۆماننووس هەوڵی داوە لەڕوانگەی جیاوازەوە زاڵ بێت بەسەر ڕووداوەکان  زیاتر ئازادی دەربڕین بەکارەکتەرەکان بدات . بیرەوەری تاڵ وناخۆشی شاراوەی ناخی خۆیمان نیشان بدات  لەڕێگای ڕووداوی ژیانی کارەکتەرەکان.ڕۆمانی(عالم النساء الوحيدات) بە تەکنیکی شەپۆلی هۆش نووسراوەتەوە. واتە ڕۆمانەکە خۆی لەدەستی سیانەی* مۆپاسانی (سەرەتا، گرێ، کۆتایی) و گێڕانەوەی مەنەلۆگی ڕزگار کردووە،  زیاتر لە ڕێگەی کاتی ناوەوە درێژە بە پرۆسێسی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەدرێت. واتە کاتی ناوەوە، نەوەك كاتی دەرەوە بایەخی پێ دراوە . خوێنەر ئەودیمەنانە بە شێوازی خۆی پێك دەبەستێتەوە و مانایان لێ پێك دەهێنێت.لەم ڕۆمانە، مرۆڤ  خۆی لەخودی خۆی دەشارێتەوە . دادەبڕێ لە خودی خۆی و لە خودێکی دیکەدا پەیوەندی بونیاد دەنێ . هەرچی نامۆییشە لێرەدا دروست دەبێ " نامۆبوون بە خود , خۆونکردن "یاوەکو خۆنەناسینەوەیە . نامۆیی : بریتیە لە چونەدەرەوەی مرۆڤ لەخودی خۆی ،کە مرۆڤ ناوی جیاوازی لێدەنێ  مرۆڤ. وەك بونەوەرێك بەبێ‌خود لەئاست خودێکی دەرەکیدا دەچەمێتەوە . ئەو خودە دەرەکییە پەلکێش دەکات بۆناو ناخی دا. لە فۆرمی نوێدا خۆیی دەنوێنێ بەپێچەوانەوە تەواو دورکەوتۆتەوە. ئەزمونی تاکەکەسی لەبانگهێشتکردنی خودێکی دەرەکیدا بۆ ناوەوەی مرۆڤ  لە خودی خۆی دادەبڕێ و پالنەرێک بەڕێوەی دەبات. نووسەر باس

لەچیرۆکێ ڕاستەقینە دەکات کەلەڕۆمانەکە ئەمەی دەرخستووە :(( هذه القصة ليست سوى ـ قصة حب ـ و ما هي بالأسطورة أو الخرافة ، و أنا أرويها لكم لا أنتظر منكم أن تصدقوها ، حسبي أنني عشتها / و القصة بعد هذا لا تخص أحدا سواي . ) (ئەم چیرۆکە جگە لەچیرۆکێکی خۆشەویستی هیچی تر نییە، و ئەفسانە نییە و کاتێک دەیگێڕمەوە، چاوەڕێ ناکەم باوەڕتان پێی هەبێت، ئەوەی کە من ژیام، چیرۆکی خۆمە هی هیچ کەسێکی ترنییە جگە لە من. )(الدليمى ، 2013 :83 ).نووسەر ، بۆکارەکتەری سەرەکی ناوێکی دیاریکراوی دانەناوە تەنها بەگێڕانەوەی بەسەرهاتی "انسه م" بەتاکە پیتێ خۆی ناساندوە بەخوێنەرانی ڕۆمانەکە . بگێرەوەش لەڕێگای باسکردنی ڕووداوی ژیانی ئافرەتێک، دەس بەڕۆمانەکە دەکات "نامۆیی" ئافرەتیک لەو ڕابردووە تاڵەی تێیدا گوزەراوە .کارەکتەرە سەرەکێکە دەکاتە سمبول وهێمایەک بۆ سەدەها نموونەی ئافرەتانی تر، کەلەو واقیعەدا ژیابێتن .هەڵنەبژاردنی "ناو"بۆ ئەندێشەی خوێنەری جێی هێشتوە !ئەم تەکنیکە نوێیەی ڕۆماننووس ،دەگەڕێتەوە بۆ ئاشنابوونی بە شێوازی نووسینی ڕابەرانی ڕۆمان (نووسەرە فەرەنسێکان ) دا وەک "فرانز کافکا" لەڕێگای هێما وپیتەوە، ناوی پاڵەوانەکانی دیاری دەکرد . "کافکا"پێی وابووە هەموو وەسفێکی ورد دەبێتە تەمەڵکردنی خوێنەر لەئەندێشە وسەرنج ڕاکێشانی بۆوێنەکردنی ڕووداوەکان تێکەڵکردنی ڕووداوی مێژووی لەڕومانەکە یادەوەری خوێنەر دەوروژێنێ بەرەو یادی تاڵ وشیرینی ژیانیان . سیفەتێکی واقیعی تر دەدات بەدەقەکە دوور لەفانتازیا ڕۆماننووس دەڵێت(نووسین وەک گەشتەیەکی فریاد ڕەسەبۆم کە بەناو چەندین گێژاوی ترسناک دەمانبات هەر ئەزموونی تاڵی ژیانمان بیردێنێتەوە ، نووسین نەفرەتێکی پیرۆزە بەناوی ئەم جیهانە ئالوزە فریامان دەکەوێ)(عصيان الوصايا(الدليمى ، 2019 : 9)یەکێ لەوپرسیارانەی ئاراستەی (لۆتفییە دلێمی ) ی کرابوو – ئایە نووسین چی دەگەێنێ بەلای تۆوە ؟ لەوڵامدا دەڵێت:((نووسین بەلای منەوە ئەو هەناسەییەی بەردەوامیم پێ دەدات لەژیان . چالاکییەکە بیر ودەروونم ئارام دەکاتەوە ، پاڵپشتیم دەکات لە پشێوی وئاڵۆزییەی گەردوونمان.نانووسم تا بەناوبانگبوون ئەوە کۆتا شتە کەمن بیری لێ دە کەمەوەچ لەژیان ودوای کۆچکردنم من دەنووسم تا لەگەڵ ژیان بگونجێم ودوو باڵ بگرم وبفرم بەجیهاندا) (گفتو گۆ لەگەڵ لوتفییەدلێمی 2021).بگیڕەوەی ڕۆمانەکە بەهۆی یادەوەری تاڵی ودووری لە خۆشەویستەکەی (جواد) کەمامۆستای مێژوو بووە ، زانیاری لەپاشماوەی کۆنی" شارستانییەتی بابلێکان "هەبووە ولەمۆزەخانە لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو پاشماوە بەنرخانەی شارستانییەتی "سۆمەری وبابلێکان " بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەشتیاران باسکردووە . بەهۆی یادگارێکانی ئەو ساتانە تووشی حاڵەتێکی دەروونی دەهات (هەناسە تەنگی ولەخۆچوون) هەرکات چوبێتە ئەو شوێنانەی ژوانی لەگەڵ (جواد) بەستبێ . کاریگەری یادەوەری رۆژانی ڕابردوو لەسەری دا مابوویەوە .کەدەڵێت: ((( منذ سنوات و أنا أتجنب زيارة المتحف ـ لأن الدوار و الخدر يحلان بي كأنهما اللعنة كلما رأيت الهياكل العظمية و أواني النذور التي يعلوها أوكسيد النحاس الأخضر و التماثيل المستغيثة من أسر الحجر .. و مرة أخرى افتتنت الفتيات بتلك العقود الرائعة التي كانت تتزين بها كاهنات أور المترفات .. عقود هي هدايا الملك لمحظياته العابدات منظومة من خرز الذهب و الفضة و اللازورد و العقيق .. و بهرتهن براعة الفن ، من دون أن يخطر ببالهن ما وراء ذلك الجمال من تفاصيل خفية : من حب و بغض و غيرة و سحر و مكائد و الآم و نبوآت ))واتا (سالآنێکە خۆم لە سەردانی مۆزەخانەکە بەدوور گرتووە - چونکە سەرەگێژخواردن و بێهێزی وەک نەفرەتێک هاتە سەرم هەر کاتێک چاوم بەئێسکەپەیکەر و گۆزەی نەزر وپەیکەرە. خەمبارەکان کەوت کەئۆکسیدی مسی سەوزیان لەسەرە وام بەسەر دێت، جارێکی دیکە کچەکان سەرسام بوون بەوخشڵانەی کەگەردنی ژنەکانی ئوریان ڕازاندەوە. دیارییەکانی پاشایە بۆ کەنیزەکانی لەپەرستگاکانی،کە لە زێڕ و زیو ولازورد و دەنکۆڵەی عەقیق دروستکراون.ئازار و پێشبینی ئەوەیان ناکردلەدەرەوەی ئەوجوانییە، وردەکارییە شاراوەکان خۆشەویستی، ڕق، ئیرەیی، سیحر، فێڵ، ئازار بووە) (الدليمی ، 2013 :85 ).بگیرەوەی ڕۆمانەکە (ست نهاڵ) مامۆستای مێژووی کۆنە لەزانکۆ ... بڕوانامەی ماستەری لە شارستانییەتی کۆنی عێراق بەدەس هێناوە. شارەزایی لەبواری پاشماوەی کۆن هەبووە .تەمەنی 39 ساڵە بەهۆی جەنگەوە خێزانەکەی لەدەس دەدات بەتەنها دەژێت ،هەرچەندە دەست بەرداری ژیان نەبووە دوای کارەساتی لەدەست دانی خێزانەکەی، بەڵام باری دەروونی ئارام نەبووە ،گرفتی بۆ دەرووستکردوە . تەنانەت وای لێهاتووە لەکاتی قسەکردن ووانەوتنەوە بەناوی شازادەکانی (ئوور وبابل ) ناوی خوێندکارەکانی بهێنێ ، تێکەڵکردنی ئەو دوو سەردەمە جیاوازە بەهۆی توشبوون بەحاڵەتی نامۆیی وهستریای بووە . کاتێ خۆشەویستەکەی لەجەنگدا دەکوژرێت . پێش چوونی بۆ جەنگ نامەی ماستەرەکەی دەدات بە(نهال) وپێ دەڵێت :گەر نەگەڕایەوە چاپی بکات وەک کتێب بڵاویکاتەوە. ئەم کارەساتی لەدەستدانی (جواد)ە ،نهالی بەرەو دەروونێکی سووتاو لەئازاری لەدەستدانی ئازیزانی وتەنهایی ڕووحی تووش کردووە ، ونامۆ بێ بەژیان،هەر چەندە وەسیەتی خۆشەویستەکەی لەبیر ناکات بەڵام یادەوەرێکان نامۆیان کردووە بەژیانی ڕاستەقینەی.نامۆیی

هەستێکە مرۆڤەکان تێیدا دەگوزەرین ، دەشبێ لەناو وڵاتەکەی خۆیدا نامۆ بێ ئەمە "نامۆ بوونی ڕۆحییە" . بەڵام "نامۆیی جەستەیی "حاڵەتێکە ئەوانەی لەدوورە وڵاتن ،هەستی پێدەکەن وواقیعی تێیدا دەژین .ئەمە جیاوازییەکە لەنیوان (هەستپێکردن بەنامۆ وژیان لە غوربەت ونامۆیی ڕاستەقینەدا .،ڕۆماننوس بە درێژایی سێ سەد لاپەڕەی سەرەتای ڕۆمانەکەی باسیان دەکات، دەمانگوێزێتەوە بۆ ئاستێکی تری مێژوویی، کە تێیدا مێژووی موقەدەس و مێژووی مادیی تێکەڵی یەکدی دەبن، مێژووی دین و مرۆڤ، جیهانێکی سەیر و سەمەرەی لێپەیدا دەبێت ڕۆماننووس لەم بەشەدا، سوودێکی زۆری لە ناوی کەس و شوێنەکانی(شاری"بەغدا" وەرگرتووە وەک ڕەمز بۆ هونەرکاریی و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەی بەکاریان دێنێتەوە، ڕەمزەکان لە هێمایەکی ناوخۆیی دەکاتە هێمایەکی کۆنی شارستانییەتی گەورە و دەیانگێڕێتەوە بۆ ئەو ڕەگە مێژووییەی وڵاتی "عیراق" هەیبووە، هەروەها کەسەکان و کارئەکتەرەکان بە ڕەمزەی دینی ودێرینەکان دەبەستێتەوە. بەمەش ڕەگ وڕیشەی توندوتیژی و ململانێی نێوان مرۆڤەکان بۆ خاڵێکی جەوهەری و سەرەکی دەگێڕێتەوە کە ئەویش دین و دەسەڵاتی سیاسی و سەردەستەکانی کۆمەڵگەیە.ئێرەش دەبێتە سەرەتا و گەڕانەوەیەک بۆ ئەوململانێیەی لە بەشەکانی پێشووتری ڕۆمانەکە دەیبینین. (کوشتنی خۆشەویستەکەی ) لەجەنگدا ، نامۆیی وتەنهایی ،دابران لە یەکدی و لەخەڵکی دا، ئاوارە و غەریب و نامۆ دەبن.!

### خاڵی جەوهەری مەبەستی نووسەر لەهەردوو ڕۆمانی(ژن وعالم النساء الوحيدات):

ئافرەت ونەهامەتێکانی لەکۆمەڵگای ڕۆژهەلات دا، تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکان بووە . کۆمەڵێ ناو و ڕووداوی توند و وروژێنەر بۆ هەست و بیرکردنەوە ڕوودەدەن. شێوازی وێنە کردن وگواستنەوەی واقیعییانەی ڕووداوەکان لەلایەن هەردوو نووسەر (ڕیواس ئەحمەد ولۆتفیە دلێمی) تا ڕادەیەک لەیەکچوونیکی ئەدەبی لەداڕشتنی گرێچنی ڕووداوەکان دیارە .هەردوو نووسەر هەوڵی دەرخستنی خەمەکانی ئافرەتی عێراقیان داوە لەدوو نەتەوە ودوو ناوچەی جیاواز بەڵام لەخاڵی سیاسی یەکیان گرتۆتەوە ، ئەویش لەدەستدانی ئارامی وخۆشگوزەرانی بەهۆی جەنگ وکوشتن ولەدەستدانی ئازیزانیان. ئەو دەسەڵاتەی بۆ ماوەی چەندین ساڵ ...تەنها کوشتن وماڵوێرانی بۆ ڕۆڵەکانی هێناوە هۆکاری نامۆیی ڕووحی وشوێنی بوونە. ڕۆمانەکە لە ڕێی ڕووداوگەلێکەوە بەردەوام خۆی تازە و درێژ دەکاتەوە، دەرفەتی وەستان بە خوێنەر نادات. ئەم دووڕۆمانە لەو جۆرانەیە کە دەچێتە خانەی

ڕیتمێکی خێرا و پشتئەستوور بە ڕوودانی چەندین کارەساتی دڵتەزێن . نەوەک ڕامانکردن و ڕووچوونە نێو بیرکردنەوە، لێرە تەکنیکی ڕۆمانەکەیە،نەوەک ناوەڕۆکەکەی کەوا دەخوازێت تۆ بەردەوام لەگەڵ ڕووداوەکان بڕۆیت و بیر لە پشت ڕووداوەکان بکەیتەوە، لەزمانی کەس و کارئەکتەرەکان ورد ببیتەوە .سیناریوی ڕووداوەکان ومرۆڤ لەگەڵ هەر شوێنێکی تری ئەم جیهانە ببەستێتەوە ولەخەمی چارەنووس و قەدەری میللەتان و مرۆڤەکان دابێ .

## هەستی نامۆیی (ڕووحی و جەستەی ) ی پاڵەوانەکان

ڕۆمانی (ژن) ← نامۆیی ڕووحی (هەتاو- ڕێزان – شارا) ) ← لەزێدی باو وباپیران← بەرەو نامۆیی وغوربەتی جەستەیی ڕاستەقینە لەهەندەران ← نامۆیی خودی

ڕۆمانی(عالم النساء الوحیدات) ←نامۆیی ڕووحی(انسەمیم – نهال) ←نامۆیی خودی

---

**خشتەی هۆکارەکانی حاڵەتی نامۆیی خودی لەسەر پاڵەوانەکان**

| ڕۆمان | کارەکتەر | خێزان | کۆمەڵ | داب ونەریت | ئابووری | سیاسەت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژن | هەتاو | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | |
| | شارا | ✓ | ✓ | ✓ | | ✓ |
| | ڕێزان | ✓ | | ✓ | | |
| | نەورۆز | ✓ | | | ✓ | ✓ |
| عالم النساء الوحیدات | نهال | ✓ | ✓ | | | ✓ |
| | أنسە میم | ✓ | ✓ | ✓ | | |
| | جواد | ✓ | | | ✓ | ✓ |

---

## پاشکۆی باسەکە:

ڕیواس ئەحمەد : یەکێکە لەئافرەتە ڕۆماننووسە ناودارەکانی کورد ،چەندین ساڵە لەهەندەران دەژێت هەروەها چالاکوانێکە سەر بەحیزبی شیوعی کوردستانە، ڕێچکەی حیزبی باوکی گرتۆتە بەر کەکادیرێکی بەناوبانگی هەمان حیزب بووە. لەساڵی (١٩٥٧)ز لە شاری "قەڵعەساڵح "سەر بە پارێزگای عەمارە لەدایکبووە. ئەو کاتە باوکی نەفی کراوە بۆ ئەو ناوچەیە، لە خێزانێکی نیشتمانپەروەری چەپ

پەروەردە بووە. باوکی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق بووە. بۆیە ژیانیان پڕبووە لە دەربەدەری و دەردەسەری لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا ژیاون ،قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەیی لە کوردستان تەواو کردووە،هەر لە تەمەنی چواردە ساڵیدا تێکەڵی ژیانی سیاسی بووە،و لە ڕێکخراوی ژنان ولاوانی سەر بە حیزبی شیوعی کاریکردووە. لە ساڵانی هەفتاکاندا دەستی بە نووسینی هۆنراوە و وتار کردووە. لە رۆژنامەکانی بیری نوێ و هاوکاریدا بڵاودەکرانەوە. لە زۆربەی کۆڕ وسیمینارەکانی ئەو کاتەدا بەشداری دەکرد، لە چەند شانۆگەرییەکی ئەو ساڵانەدا بەشداریکردووە ساڵی ١٩٧٧ لە زانکۆی کشتوکاڵی موسڵ وەرگیراوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٨ وازی لە خوێندن هێنا لەبەرئەوەی بڕیاری گرتنی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەرچووبوو. ماوەیەک بە نهێنی لە شاری سلێمانی دەژیاو کاری سیاسی دەکرد. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ دا گەیشتە سۆڤییەت و لە بەشی ئادابی زانکۆی مۆسکۆ دەستی بە خوێندن کرد. لە ساڵی ١٩٨٥ دا کە خوێندنی تەواو کرد، چووە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی لە بەشی ڕاگەیاندن کاریدەکرد. پاش بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و تەسکبوونەوەی زۆنی ئازاد، کوردستانی بەجێهێشت لە ناوەڕاستی ١٩٨٩دا لە سوێد نیشتەجێ بوو. پلەی خوێندن: ماستەرنامە لە ئەدەبی ڕووسی لە مۆسکۆ، ماستەرنامە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیی منداڵان لەستۆکهۆڵم.لە کۆتایی نەوەتەکاندا دەستی بەخوێندن کرد لە زانکۆ. هەرچەندە ماستەریشی لە ئەدەبی ڕووسیدا هەبوو. بەڵام هەردەم حەزی دەکرد لە ڕووی ئەکادیمییەوە شتێک لەسەر ئەدەبی منداڵان بخوێنی. لە ١٩٩٩ دەستی بەخوێندن کردووە لە زانکۆی ستۆکهۆڵم لە بەشی زانستی ئەدەبیات و بەشی ئەدەبی منداڵانی هەڵبژارد. چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵان و چیرۆکی هونەری. و هەروا چەندین بەرهەمی لەسەر مێژووی ئەدەبی منداڵان و هونەری نووسی . لە ٢٠٠١ ماستەرنامەی لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی بۆ منداڵان هێناوە.

لۆتفییە دلێمی : نووسەرورۆژنامە نووسێکی عێراقییە لەساڵی "1939"ز لەشاری بوهرزی سەر بەپارێزگای دیالە لەدایک بووە . دواتر ماڵیان دەگوازرێتەوە شاری "بەغدا " هەر لەوێ خویندن تەواو دەکات .بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەئەدەبی عەرەبی بەدەس دێنێ. پاشان دەبێتە مامۆستا، لەچەندین ڕۆژنامە کاردەکات بەهۆی لێهاتووی لەنووسیندا وەکو چیرۆک نووس لەگۆڤاری "الطليعة الادبية" کاردەکات .دواتر دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری "الثقافة الاجنبيةالعراقية" . هەروەها جگە لەمانە لەچەندین ڕۆژنامە وگۆڤاری عێراقی وعەرەبی بابەتی بڵاوکردۆتەوە .لەساڵی "2004"سەنتەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شەبعادی لەبەغدا دامەزراندووە بۆ داکۆکی کردن لەئازادی ئافرەتان .نووسەر چەندین بەرهەمی نووسیووە .وانایەکی باشی هەیە لەنووسینی چیرۆک ورۆمان وشانۆگەری. ڕۆمانە چاپکراوەکانی (عالم النساء الوحيدات - بذور النار 1988- من يرث الفردوس 1989- نساء زحل -ضحكة اليورانيوم2000- حديقة حياة2007 وکۆمەڵێکی تر لێکۆڵینەوە وکتێبی ئەدەبی وەرگێڕاو

## ئەنجامەکان:

1. باسکردنی چەمکی نامۆیی وڕەنگدانەوەی لە ژانرێکی ئەدەبی گرنگ کە ڕۆمانە، کاریگەری ئەو دۆخە لەسەر نووسەرەکان وچۆنێتی کردنی بەتەوەری گرنگ وسەرنج ڕاکێشی ناو بەرهەمەکانیاندا .بەتایبەتی ڕۆمان نووسی ئافرەت وڕەنگدانەوەی لەڕۆمانەکانی هەردوو نووسەر بەزەقی دەبینرا.
2. کێشەی ئافرەتی کورد لەهەندەران ،سەرچاوەی سەرەکی ڕۆمانی ژن بوو بەلای ڕێواس ئەحمەدی ڕۆماننووس ,ئەم کیشانەش لەڕۆمانەکەبەڕاستگۆیی بەرجەستەی کردووە، خودی ڕۆماننوس ئاوارەیە ولەهەندەران دەژێت ئەمە وایکردووە,وێنەیەکی ڕاستەقینەی کێشەکانمان بۆ بگوازێتەوە لەڕۆمانەکەدا .هەرچی لۆتفییەدلێمی دا ،باروودۆخی ئافرەتی دەرخستووە لەدوایی جەنگ ومردنی هاوژین وباوک وبرا ،ئەو ئافرەتە تەنهایانەی بژێوی ژیانیان بۆ دابین ناکری ،دووچاری چەندین ستەم بوونە لەکۆمەڵگە.
3. نامۆیی لەبەرهەمی ئەدەبی کوردی دەبینرێ ،بەڵام زیاتر لەدوای ڕاپەڕینەوە بۆتە کەرەستە وتەوەری بابەتی نووسین لای نووسەران.
4. لەزۆربەی ڕۆمانەکانی هەردوو نووسەر ،چەمکی نامۆیی وچەندین جۆری گرفتی دەروونی دەتوانرێ دەستنیشان بکرێ ,بەڵام لەڕۆمانی ژن ,زیاتر نامۆیی خودی وبێ ئومیدی ,ترس ودڵەڕاوکێ هۆکاری ئەم نامۆبوونەبوونە لای پاڵەوانەکان وە لەمەنەڵۆگی ڕۆمانەکە دەبینرا . ولەڕۆمانی (عالم النساء الوحيدات)،نامۆیی دابڕانی لەخۆشەویستی بەهۆی جەنگەوە وباروو دۆخی شاری بەغدا دوایی ساڵی 2003وکۆچکردن تەوەری سەرەکی چیرۆکی ڕۆمانەکە بووە.
5. دووجۆر نامۆیی خودی لەسەر ڕەفتاری پاڵەوانەکانی هەردوو ڕۆمان دەستنیشان کرا لە وانە (نامۆیی ڕووحی لەناو وڵاتدا) – (نامۆیی جەستەیی لەهەندەران ) .

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان.**

**1.کتێبەکان**

1. ئەحمەد،ڕێواس(2005): ڕۆمانی ژن، چاپی یەکەم ، چاپخانەی موکریان، هەولێر، کوردستان، عێڕاق
2. ئەڵوەنی،نەجم(2021):گرنگیی کارەکتەرلەڕۆمانی(عەتروئاگر)ی(بەیان سەلمان)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر، کوردستان، عێڕاق
3. ئاغۆک،ئاری (2011): بزاڤی تەغریبی،چاپخانە چوارچرا،هولێر ، کوردستان، عێڕاق4
4. ئارسۆن،پۆل لۆران(2021):فەرهەنگی شرۆڤەیی فرۆید،وەرگێڕانی ،وەلید عومەر ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ناوەندی ڕۆشەنبیری ڕەهەند ،سلێمانی ،کوردستان -عێراق
5. زادە،هاشم (2015): جیهانی ڕۆمان,چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئەندێشە،سلێمانی، کوردستان، عێڕاق
6. سادقی، فوئادی تاهیر (2020 ) :فەرهەنگی یاریدەدەر ,کوردی :عەرەبی: ئینگلیزی, ,چاپی یەکەم, چابخانەی قەفتان, سلێمانی –کوردستان, عێراق
7. فریدیمەن، جیەن،(2001): فیمینیزم وەرگێڕانی :فەرشید شەریفی ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی تهران ،ئێران
8. مەجید ،دیار فایەق (2021): شەپۆلی هۆش لەڕۆمانی کوردیی ,چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی خاک، کەلار ، کوردستان، عێڕاق سەرەتای سەرهەڵدانی نامۆیی لەشیعری کوردیدا،چاپخانەی کوردستان ،سلێمانی -
9.مەعروف،کەمال (2017): سەرەتای سەرهەڵدانی نامۆیی لەشیعری کوردیدا،چاپخانەی کوردستان ،سلێمانی

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**2-1- کتێبەکان:**

1. انجلز،مارکس(1978):المارکسیەوالجزائر،ت،جورج طرابیشی ، الطبعة الاولی ،دار الطلیعە ،بیروت - لبنان
2. الكنجي، فواد( 1-12-2015) : الاغتراب, مجلة الحوار المتمدن عدد 216
3. کارل مارکس ،:(2013): راس المال ،نقد الاقتصاد السیاسی ،ت : عبد الجبار, فالح,الطبعةالاولی ، دار الفارابي ،بیروت -لبنان
4. لورکا, فدیریکو غارثیا ,(2015),عرس الدم ،ت: رانیا محمداحمد,طبعة الاولی مطبعةالمیدان ،قاهرە-مصر
5. عباس،دانیال علي (2016) :الاغتراب النفسي وعلاقته بالتحصيل الدراسي , رسالة ماجستير ,جامعة دمشق-سوريا
6. البعلبکی،منیر(1995):قاموس عربی انجلیزی ، الطبعە الخامسە ،دار العلمین ،بیروت -لبنان
7. الدلیمی،لطفیة(2019): عصیانالوصایا،الطبعة الاولی،مطبعةدار المدی،بیروت-لبنان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8. الدليمى، لطفية،(2013): عالم النساء الوحيدات ، الطبعة الاولى ،مطبعة دار المدى، بيروت-لبنان
9. مكاوي ،عبد الغفار(1995) : دراسات في الأدب والفلسفة ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، القاهره –مصر
10. يوسف،محمدعباس،(2004): الاغتراب والابداع الفنى ،طبعه اولى ، مطبعه دارغريب ،الكويت
11. ماركس ،انجلز،(1978)ا:لعائلة المقدسة او نقد النقد النقدي، ترجمة حنا عبود، الطبعة الاولى ،دار دمشق للطباعة والنشر

**چاوپێکەوتن وپەیوەندێ تەلەفۆنێکان:**

1. ماڵپەڕی ئازادی azadii.net -21(-9 -2021) : بەشداری ژنان لە بواری سیاسی ، بەشی دووەم
2.ڕێواس ئەحمەد لە4-3-2022 (پەیوەندی تەلەفۆنی)
3.ڕێواس ئەحمەد 18-6-2022(نامە گۆڕینەوە)
4.ڵوتفییە دڵێمی – 11-7-2021( نامە گۆڕینەوە)

## غربة الذات في روايات ريواس أحمد ولطفية الدليمي

### روايتي(المراءة) و (عالم النساء الوحيدات) نموذجأ

## ملخص البحث

الاغتراب عن الذات هو "اغتراب الجوهر ، وفقدان الثقة بالنفس ، وفقدان الحياة الواقعية ، وبناء عالم خيالي بعيدًا عن الواقع ،وهى ظاهرة انسانية ,ليست متوارثة وانما خليقة مع معرفة الانسان مايدور حوله,فهية مكتسبة مع تقدم العمر ,لان الظروف التي تحيط بالانسان الاجتماعية والثقافية والسياسية والتربوية ,هي السبب الرئيسي في تفاقم الظاهرة علي شخصيته ,من هذا الاساس استطاع الكتاب مع مرور الزمن التعبير عن هذا المصطلح الاجتماعي النفسي من خلال الشخوص الادبية ,لذلك نرى في كل المجتمعات كتاب عبروا عن هذة الظاهرة تعبيرا واضحا ,بعدما حلل مجموعة من الفلاسفة وعلماء النفس اثر البيئة المحيطة عل كتابات الكتاب , في هذا البحث تطرقنا الي ظاهرة الاغتراب الذاتي في رواية (المراءة) للكاتبة ريواس احمد , وروايه(عالم النساء الوحيدات) للطفية الدليمى، خصوصا انهن تعتبرن من الكاتبات الناشطات في ميدان الحركة النسوية ,وتشتهرن بانهن مدافعات عن حقوق المراءة , ولهذا فان تلك الظاهرة كانت احدي اهم المحاور في حبكة الرواية ، فى هذا البحث سوف نناقش ظاهرة الاغتراب عن الذات (الاغتراب عن النفس) في نوع الروايات التي تنعكس في أعمال الكتاب وكيفية صنع موضوعات مهمة وجذابة في نصوصهم. يتكون هذا البحث من قسمان: النظرية والتطبيق ، الجزء الأول هو النظرية: يناقش مصطلح ومفهوم الاغتراب) في ثقافات ومجالات مختلفة ، وتطرقنا الى البيبوغرافيا فى حياه الكاتبتين (ريواس أحمد ولطفية الدليمي) وانعكاس ظاهرة الغربة في روايات المؤلفتين القسم الثاني: تطبيق ظاهرة الغربة في روايتى (المرأة وعالم النساء الوحيدات ) وفي نهاية هذا البحث وقد تمت مناقشة نتائج البحث في عدة نقاط وعرضت مصادر وملخص المناقشة باللغتين العربية والإنجليزية. لدي الكاتبتين ,فى الروايهالكورديه والعراقيه ومن الله التوفيق.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The strangeness of himself in the novels of Rewas Ahmad and Lutfiya Dlemi

## The novels (Zhn) and (Alam al-Nisa' al-Wahidat) are example

**Shilan Mohammed Rashid Hussein**
Department of Kurdish, College of Education, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Department of Kurdish, College of Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Shelanmohamad14@yahoo.com
Shelan.hussein@student.su.edu.krd

***Keywords***: *Strangeness, novels, Rewas Ahmad, Lutfiya Dlemi, Alienation*

## Abstract

Alienation is a human phenomenon, not inherited, but rather a creation, with the human being's knowledge of what is going on around him. It is acquired with age, because the social, cultural, political and educational conditions that surround the human being are the main reason for the exacerbation of the phenomenon on his personality. From this basis, the book was able with the passage of time to express this The term socio-psychological through literary characters, so we see in all societies writers who expressed this phenomenon with a clear expression, after a group of philosophers and psychologists analyzed the impact of the surrounding environment on the writings of the book. Ahmed, and the novel (The World of Lonely Women) by Lutfia Al-Dulaimi, especially since they are considered among the active writers in the field of the feminist movement, and are famous for being a defender of women's rights, and for this reason this phenomenon was one of the most important axes in the plot of the novel by the two writers. The Kurdish and Iraqi women in general and the reality in which they live in a psychological and subjective alienation abroad, their causes and the colorization of the dialogue of the main characters in the novel (The Woman and the World of Lonely Women) and the most important points Which the book was able to convey to us from a true picture of the expatriate woman and her problems, especially the negative side of the patriarchal society and its impact on

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

women, and the confinement of her role in raising children and serving him and treating her as a slave under his command. We hope that we have succeeded in this scientific research, to shed light on the most important feminist literary figures in Kurdish and Iraqi literature.